

United Nations-Iraq

نەتەوە یەکگرتووەکان-عێراق

# ٢٠٢٢

# ڕاپۆرتی ئەنجامی ساڵانەی عێراق

ڕاپۆرتی ئەنجامی ساڵانەی تیمی
وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان
بڵاوکراوەتەوە لە نیسانی ٢٠٢٣

SUSTAINABLE DEVELOPMENT GOALS



# ناوەڕۆک


پێشەکی لەلایەن ڕێکخەری نیشتەجێبوو.....................٠١

تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق...............٠٢

کارە لەپێشینەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی..............٠٣

هاوبەشە سەرەکییەکانی گەشەپێدان لە سیستەمی گەشەپێدانینەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەدا ..................................... ٠٤


## بەشی یەکەم


١,١ بابەتە باوە سەرەکییەکانی گەشە پێدان و ئەو کێشانەی کە سەرهەڵدەدەن............٠٨

١,٢ دەستکەوتەکان لە ناوچە مەوزوعییەکاندا...............١٠


## بەشی دووەم


٢,١ پێداچوونەوەی ئەنجامەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی.................................١٤

٢,٢ کارە لەپێشینە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی.........١٨

٢,٣ پوختەی دارایی چوارچێوەی هەماهەنگی..............٢٧

٢,٤ پاڵپشتی بۆ کاری هاوبەش و دارایی بۆ ئەجێندای ٢٠٣٠.........................................٢٩

٢,٥ هەڵسەنگاندنەکان و ئەو وانانەی کە فێربووین........٣١

٢,٦ پێداچوونەوەی دارایی و وەگەڕخستنی سەرچاوە....٣٢


## بەشی سێیەم


جەختکردنی سەرەکیی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ئاینده.........................٣٤

کورتکراوەکان..................................................٣٦

پاشکۆی ١: هاوبەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان..............................................٣٨

ئەم لاپەڕەیە بە مەبەست بەبەتاڵی جێهێڵراوە

# پێشـەکی

بەناوی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCT) لە عێراق، خۆشحاڵم بەخستنەڕووی ڕاپۆرتی ئەنجامیساڵانە سەبارەت بە چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری گەشەپێدان و بەشداریکردن لە کارە لەپێشینەکانی گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا. تێکڕای ٢٣ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەرنامە و ئامادەبوون لە عێراق نزیکەی ٢٧٥ ملیۆنیان خەرجکردووە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکان بەپێی پێنج بوارە لەپێشینەکەی چوارچێوەی هەماهەنگیی گەشەپێدانی دوورمەودای نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢٠-٢٠٢٤) کە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق لەسەری ڕێککەوتوون. پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داکۆکیکردن بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر و دابینکردنی ڕاوێژکاریی ئاست بەرز سەبارەت بە کارکردن و تەندرووستی و گرفتەکانی کشتوکاڵ و ڕەخساندنی هەلی کار و هاریکاریکردن لەڕێگەی گەشەپێدانی ستراتیژیا لە پەروەردە و پاراستنی کۆمەڵایەتی و سێکتەرەکانی ژینگەی لەخۆگرتبوو. بۆ خستنەڕووی کاریگەرییە نەخوازراوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی کاری کەمکردنەوە و گونجاندنی کرد کە پاڵپشتیی بژێوی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەپێگەی لاوازدان و یارمەتیی توانا بۆ حکومەت لە بەڕێوەبردنی زەوی و زار و پاراستنی ئاو لە باشووری وڵاتەکەدا. نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداربوو لە چاکسازی ژێرخان لەو ناوچانەی کە ناکۆکی کاری تێکردوون لەڕێگەی ئەرکی سەقامگیرکردنی سەرەکییەوە بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوە و یەکخستنەوەی ئەو خەڵکانەی کە دووچاری ڕاگواستنی ناوخۆیی بوون.

ساڵی ٢٠٢٢ ساڵی گۆڕانکاری بوو بۆ تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی کەمکردنەوەی چالاکییەکانی کاری مرۆیی و هەنگاوێک بەرەو چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەو زیاد لە یەک ملیۆن دانیشتووانەی عێراق کە دووچاری ڕاگواستنی ناوخۆیی بوون. کاتی ئەوە هاتووە کە بەشی هاریکاریی کاری مرۆیی دابخرێت و پاڵپشتیی عێراق بکرێت لە ڕێرەوی گەشەپێدانیدا.

بە پەرۆشییەوە بۆ ٢٠٢٣، تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر سەرکردایەتی مندا بەردەوام دەبێت لە دووبارە مەزەندەکردن و ڕێزکردنی کارە پێشینەکانی بەرنامەکەی لەژێر چوارچێوەی هاریکاریدا بۆ پاڵپشتیکردنی بەرنامەی نوێی کاری حکومەت بە تیشک خستنەسەر بەجۆراوجۆرکردنی ئابووری و سێکتەرەکانی



**غوڵام موحەمەد ئیسحاقزای**

**جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی، ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق**

گۆڕانی کەشوهەوا و ئاو و کشتوکاڵ. هەروەها هەڵدەستین بە دابینکردنی هاریکاری بۆ بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و میکانیزمەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەوانەشەوە کە لە بواری تەندرووستی و پەروەردە و ئاو و پاکژیدان بۆ سوودگەیاندن بە نەک تەنها هەموو عێراقییەکان بەڵکو بۆ پاڵپشتیکردنی گۆڕانێکی ئاسان لە کاری مرۆییەوە بەرەو چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئاوارەکان. گۆڕانی کەشوهەوا یەکێکە لەو بوارانەی کە تیایدا پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ حکومەتی عێراق زۆر گرنگە. لەکاتێکدا ئاڵنگارییەکە جیهانییە، هەڕەشە بۆ سەر عێراق بەتایبەتی توندە.

نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو هاوبەشێکی متمانەپێکراوی حکومەتی عێراق بەردەوام دەبێت لە پابەندبوون و پاڵپشتیی کارە لەپێشینە نیشتیمانییەکانی دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ کەسێک جێنەمێنێت، و ئەوەش کە بەرەوپێشچوون بە ئاراستەی هێنانەدیی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا ئەنجام بدرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە گەڕان بەناو هەلەکاندا بۆ وەگەڕخستنی سەرچاوەکان بەوانەشەوە کە لە حکومەتی عێراق و بەخشەرە تەقلیدی و ناتەقلیدییەکانەوەن هەروەها سندووقە متمانە دەڤەری و جیهانییەکانیش بۆ دابینکردنی دارایی بۆ چالاکییەکانی گەشەپێدان. سندووقێکی متمانەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەم دواییانە دامەزرێنراوە بۆ بەڕێوەبردنی دەرماڵەکان بەکاردەهێنرێت.

# تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCT) لە عێراق لە ٢٣ ئاژانس و فەند و بەرنامە پێکهاتووە و لەلایەن ڕێکخەری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخەری کاری مرۆییەوە سەرکردایەتی دەکرێت کە نوێنەری دیاریکراوی سکرتێری گشتییە بۆ ئۆپەراسیۆنی گەشەپێدان لە عێراق.

تیمی وڵاتی نەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان تیشک دەخاتەسەر بەدەستهێنانی پابەندبوونی عێراق بە ئەجێندای ٢٠٣٠ و ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا لەڕێگەی دابینکردنی کاری پشتبەستوو بە بەڵگە و پسپۆڕیی تایبەت.

بنەمای خێزانی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە "نابێت کەس بەجێبهێڵرێت،" کە ئەمەش ڕێبەریی هەموو کارەکانی دەکات لە عێراق، لەڕێی پاڵپشتیی گونجاو بۆ ئەو دانیشتووانەی کە لە لاوازترین پێگەدان و بەرزیانکەوتووترین و پەراوێزخراوترینن.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەشێوەیەکی یەکگرتوو هەماهەنگی دەکات بۆ هاوکاریکردنی حکومەت لە بەدەستهێنانی کارە لەپێشینەکانی گەشەپێدانی نیشتیمانی و پابەندبوونی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، وەکو ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا (SDGs).

چوارچێوەی هاریکاریی گەشەپێدانی دوورمەودای نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢٠-٢٠٢٤) کورتەی ئامانجە سەرەکییە بڵاوکراوەکانی گەشەپێدانی سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەخاتەڕوو.

United Nations

ESCWA, FAO, ILO, IOM, ITC, OHCHR, OCHA, UN WOMEN, UNCTAD, UNDP, UNEP, UNESCO, UNFPA, UN-HABITAT, UNHCR, UNICEF, UNIDO, UNMAS, UNODC, UNOPS, UNV, WFP, WHO

# ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی چوارچێوەی هاریکاری

چوارچێوەی هاریکاری پێنج ئەولەویەتی ستراتیژیی (SP) دیاریکردووە کە لەگەڵ پێداویستییە دیاریکراوەکانی وڵاتەکەدا یەکدەگرنەوە.

- **ئەولەویەتی ستراتیژیی١:** بەدەستهێنانی توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی.
- **ئەولەویەتی ستراتیژیی٢:** گەشەکردنی ئابووری بۆ هەمووان.
- **ئەولەویەتی ستراتیژیی٣:** باشترکردنی دەزگا و خزمەتگوزارییە کاریگەر و گشتگیر و کاراکان.
- **ئەولەویەتی ستراتیژیی٤:** باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و مەترسیی قەیرانەکان.

**ئەولەویەتی ستراتیژیی٥:** بەدەستهێنانی چارەسەری دوورمەودای شکۆمەندانە و سەلامەت و خۆبەخشانە بۆ ڕاگواستن لە عێراق.

بۆ دڵنیابوونەوە لە هاریکاریی کاریگەر، تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانی کاری هاوبەشی (JWP) داناوە و هەر ئەولەویەتێکی ستراتیژی گرووپێکی کاری ئەولەویی بۆ تەرخانکراوە، کە لەلایەن ئاژانسە سەرەکییەکانی ناوچە مەوزوعییەکەوە بەهاوبەشی بەڕێوە دەبرێت. ئەم گرووپانە بەرپرسن لە وەگەڕخستنی بەرەوپێشچوون لەبەرامبەر پلانی کاری هاوبەش و لەبەردەم ڕێکخەری نیشتەجێبوو و لیژنەی ئاراستەکردنی هاوبەشدا (JSC) بەرپرسیارن.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی پتەو و چەسپیو، گرووپەکانی کارکردنی ئەولەویەتەکان پرسە گرنگەکانی ڕێژکەی پشتبەستوو بە مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەریی و گشتگیریی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی تواناکان بۆ دارشتنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی پشتبەستوو بە ئەنجامەکان و باشترکردنی هەموو کار و بەڵگەکان، دەکەن بە کاری پێشینە. گرووپەکانی کارکردن پاڵپشتیی زیادە بۆ گرووپەکانی کاری ئەولەویەت دابین دەکەن و لەنزیکەوە لەگەڵ تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامەکان (PMT) کاردەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەرنامەڕێژیی و ڕاپۆرتدانی کاریگەر.

بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و کەمکردنەوەی دووبارەبوونەوە،




گرووپەکانی کاری ئەولەویەت بەرپاییەوە سەرقاڵی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و دیاریکردنی هەماهەنگی و دارشتنی نەخشەسازی لەگەڵ چوارچێوەکانی تری پلاندانانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئامانجی سەرەکی بریتییە لە ئەنجامی پێوانەکراو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی وڵاتەکەدا یەکدەگرنەوە و جیاوازیی بەرچاو لە ژیانی خەڵکدا درووست دەکەن.

## چیرۆکەکانی مەیدان




*وێنە | ژنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان*

ئیمان ڕەشۆ، کچێکی عێراقیی تەمەن ٢٣ ساڵ، زۆرینەی ژیانی لە توندوتیژی و ناکۆکیدا بەسەربردووە. دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هێرشی کردە سەر کۆمەڵگەکەیان لە سنجار، خێزانەکەی بەرەو تورکیا هەڵهاتن و بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ پەنابەر بوون بەرلەوەی بگەڕێنەوە بۆ عێراق. سەرباری دووچاربوونی نائارامی و برانی خوێندنی، ئیمان وەکو نێوەندگیرێکی ئاشتی کاردەکات و لەگەڵ کۆمکاری یارمەتیدان و کۆمەککردن لە هەموو شوێنێک (CARE) وەکو خۆبەخشێک کاردەکات بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەی.

لەڕێگەی ڕاهێنانی فەراهەمکراو لەلایەن ئاشتەوایی و فەندی کاری مرۆیی ژنانەوە و ئاسانکاری بۆ کراو لەلایەن ڕێکخراوی داک بۆ گەشەپێدانی ژنانی ئێزیدی (DAK) بە هاریکاریی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیمان ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بەشداریکردن و بڕیاردانی ژنان شتانێکی بنچینەیین بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی لە سنجار.

بەرێژایی ساڵانی ناکۆکی و ململانێ لە عێراق، ژنان بە زۆری چەوساونەتەوە، ئیمانیش باوەڕی وایە کە ئەو پرۆژانەی ئامانجیان زیادکردنی هۆشیاری و تێگەیشتن لە یەکسانیی جێندەری و بەهێزکردنی ژنانە هەنگاوی یەکەمن بە ئاراستەی گۆڕانی هەڵسوکەوت و یەکخستنی جێندەرەکان لە کاری ڕۆژانەدا. ئامانجی ئیمان ئەوەیە کە ببێت بە داکۆکیکارێکی ژنان لە هەموو گرفتەکانی داهاتوودا تاکو مافەکانی ژنان بە ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی لە عێراقدا بچەسپێنێت.

# هاوبەشە سەرەکییەکانی گەشەپێدان لە سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا



*وێنە / بەرنامەی نشینگەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان*

کاری هاوبەش لە نێو چەقی جێبەجێکردنی ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە لە عێراق. بەتایبەتی، کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی عێراق یارمەتیدەر بووە لە بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی دیار لە دروستکردنی سیاسەت، بونیادنانی تواناکان، و گەیاندنی خزمەتگوزاری لە هەمان کاتیشدا دڵنیابوونەوە لە بەردەوامی و زیادکردنی سەرچاوەکان بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئەجێندای ٢٠٣٠. بەوپێیەی یارمەتیی مرۆیی کۆتایی پێهێنراوە و ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیە هێشتا بەتەواوی تێکەڵ بە سیستەمەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاریی نیشتیمانی و تۆڕی ئاسایش نەکراون، هاریکاری و هاوکاریی پەرەپێدراو لەنێو خاوەن بەشەکانی گەشەپێدان خاڵێکی بنچینەییە بۆ زیادکردنی سەرچاوەکان و بەدیهێنانی ئەجێندای ٢٠٣٠.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق پابەندە بە زیادکردنی توانای بڵاوکردنەوە و چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان لەسەر ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا، هەروەها لەگەڵ حکومەتدا بە هاوبەشی کاری کردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەمە لەڕێگەی چەندین دەستپێشخەرییەوە، لەنێویشیاندا پەرەدان بە پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵیی پێشکەوتوو بەناوی مەکۆی عێراق بۆ ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا. لەکاتێکدا حکومەتی عێراق وەکو هاوشانی بنچینەیی کاری کردووە، نەتەوە یەکگرتووەکان هاریکاریی هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردنی حکومەتی کردووە، لەنێویشیاندا ئۆفیسی سەرۆک وەزیران و پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دامودەزگای پارێزگاکان. سەرباری ئەوەش، لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، میکانیزمەکانی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان (ABC) لە هەشت شوێندا دامەزرا، ئەمەش سەلمێنراوە کە سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاکو کار لەسەر چارەسەرە درێژمەوداکان بکەن بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەناوخۆیی ڕاگوێزراون.

نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندە بە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانیان و دڵنیابوونەوە لە بەردەوامبوونی هەوڵەکانی گەشەپێدان. سەبارەت بەمە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا زنجیرەیەک دەستپێشخەریی ئەنجامداوە، وەکو بەرنامەی بەئامێرکردن و نوێکردنەوەی گومرکی عێراق، کە بەتەواوی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پارەی بۆ دابینکراوە. نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها چالاکییەکانی بونیادنانی تواناکان بۆ هاوبەشە نیشتیمانییەکان بە ئەولەوی دادەنێت، وەکو بەرنامەی ڕاهێنان کە تەرکیز دەخاتە سەر گەشەپێدانی بەهرە و تواناکانی ٦٠ کرێکاری تەکنیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و پارێزگای نەینەواوە. ئەم بەرنامەیە تەکنەلۆژیای نوێ لە پرۆسەی گەشەپێدانی زنجیرە بەهای ئاژەڵ، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات لە کەرتی کشتوکاڵدا.

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هەنگاوی دیاری ناوە لە کارکردن لەنزیکەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەتەوە یەکگرتووەکان هەر بە کاری هاوبەشیشەوە لە گەیاندنی بەرنامەکاندا نەوەستان، بەڵکو هەنگاوێک دوورتر ڕۆیشتن و یارمەتیدەربوون لە بونیادنانی تواناکانی ئەم ڕێکخراوانە و لەهەمان کاتیشدا دەنگیان بەرزکردنەوە.



*وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ*



*وێنە / ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی*

نموونەیەکی دیاری ئەم هەماهەنگییە بریتی بوو لە کاری هاوبەش لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی پزیشکیی عێراق. پێکەوە، بەبێ ماندووبوون کاریان کرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە ڕۆڵی گرنگی کوتان لە پاراستنی منداڵان و ڕزگارکردنی ژیانیان. بەرهەمی کارەکانیان سەرسامکەر بوو بەوپێیەی کە ئەم دەستپێشخەرییە توانی بگات بە ٩٠% ی منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵ بە ژەمە کوتانێکی سێیەمی دەردەکۆپان و کۆکە ڕەشە و تەشەنوج و ژەمە کوتانی یەکەمی پێکوتەی سوورێژە. ئەمە بەرزترین ڕێژەی کوتان بوو لە ماوەی دوو دەیەدا، هەروەها ئەمە ئەنجامدانی ئاستەم دەبوو بەبێ کاری هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێکراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و یەکێتیی عێراق بۆ خوێندکارە پزیشکییەکان.

بوارێکی گرنگی تری هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بریتی بووە لە بونیادنانی ئاشتی و توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی، کارکردن لەپێناو بەهێزکردنی کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگا و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لەو ناوچانەی کە ناکۆکی و ململانێ کاری لێکردوون. لەم بارەیەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوبەشی لەگەڵ سەرکردەی ئاتنی و کۆمەڵەکان کاری کردووە بۆ دروستکردنی بۆشاییەکی سەلامەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لاوان و ئەو دەسەڵاتە ناوخۆییانەی کە یارمەتیدەرن لە بونیادنانی متمانە و هانی لێکتێگەیشتن و هاریکاری لەنێو گرووپە جیاوازەکاندا دەدەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵساوە بە دابینکردنی پاڵپشتیی ڕێکخراو بۆ هەوڵەکانی حکومەت بۆ باشترکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەپێی دەستووری عێراق و پابەندمەندییە نێودەوڵەتییەکانی. ئەو کارەی کە لەم بوارە گرنگەدا ئەنجامدراوە، بەشدارە لە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ئاشتی و ئاسایش و گەشەپێدانی بەردەوام و سەروەریی یاسا بەهێزدەکات و ڕێوشوێنەکانی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی و بونیادنانی توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ باشتر دەکات.

بۆ نموونە، بەشداریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ کەمینەی گرووپەکانی لاوان و کەمینە پەراوێزخراوەکان،

بووەتە هۆی زیادبوونی هۆشیاری و کاری هاوبەش لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق بۆ گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێک بۆ باشترکردنیت توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە. لەم بارەیەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان زنجیرەیەک لە پێنج وۆرکشۆپی لە پێنج پارێزگادا ڕێکخست کە گەنجانی چەندین کۆمەڵی ئاینی و نەژادی لێی ئامادەبوون سەبارەت بە چەمکەکانی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و زنجیرەیەک لە شێوازی چیرۆک گێڕانەوە لەوانەش درووستکردنی کورتە فیلمی دیجیتاڵی و پەرەپێدانی کارتۆن و وێنەگریی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گێڕانەوەی ئاشتییانە. لە نێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسا بە ڕێکخستنی پێنج کۆنفرانس لە پێنج پارێزگادا، بۆ باشترکردنی پاراستنی کەمینەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و گەڕانەوەی سەلامەتی خۆویستانەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەی ناوخۆیی ڕاگوێزراون بۆ زێدی نیشتەجێبوونی خۆیان، بە نوێنەرایەتی کوردە فەیلییەکان و ئەرمەنی و ئاشوورییە کلدانییەکان و ئەو عێراقییانەی کە بە ڕەچەڵەک ئەفریقین و تورکمان و ئێزیدی و سەبعیان-مندیانەکان بە دابینکردنی مەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و تاوتوێکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق دەبنەوە و پێشنیارکردنی چارەسەر بۆ ئەم کێشەیانە. کاری هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ دامودەزگا داراییە نێودەوڵەتییەکان (IFI) بەردەوامە لە گەشەکردن، بەتایبەتی لە داکۆکیکردن لە میانەی بابەتە گرنگەکانی وەکو تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و بودجەی نیشتیمانی. سەرباری ئەوەش، نەتەوە یەکگرتووەکان لەنزیکەوە لەگەڵ گرووپی بانکی جیهانی کاری کردووە بۆ هاریکاری کردنی بەخشەرەکانی گەشەپێدان. بوارەکانی تری هەماهەنگی بریتی بوون لە چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەو کەسانەی کە دووچاری ڕاگواستنی ناوخۆیی بوون و بۆ باشترکردنی چاودێریی تەندرووستی. لەڕێگەی لەخۆگرتنی ئەم کارە هاوبەشانە لەگەڵ حکومەتی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگاکانی دارایی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی دەدات لە بونیادنانی عێراقێکی بەهێزتر و دوورمەوداتر بۆ هەمووان.[1]



*وێنە / ئۆفیسی کۆمسیاری باڵا بۆ مافەکانی مرۆڤ*

---

أنظر الملحق (١) للتعرف على قائمة الشركاء

# بەشی یەکەم

## گەشەپێدانە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی وڵات و هەرێمدا



# ١,١ بابەتە باوە سەرەکییەکانی گەشەپێدان و ئەو کێشانەی کە سەرهەڵدەدەن

بۆ یەکخستنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا (SDG) لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی، لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی حکومەتی عێراق و ئەو کەسانەی کرد کە پێویستیان بە یارمەتییە لەڕێگەی دووبارە بنیاتنانەوە و چاککردنەوەی خانوو و باشترکردنی ژێرخانی گشتی و باسی ژینگە و ئەو گرفتانەی کرد کە پەیوەندیان بە گۆڕانی کەشوهەواوە هەیە و گەشەپێدانی ئابووری و هەروەها خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی دابینکردووە بۆ بەدەستهێنانی چارەسەرە دوورمەوداکان بۆ ئەو کەسانەی پێویستیانە. هەروەها، پاڵپشتی بۆ بەئۆپەراسیۆنکردنی ئامانجە دوورمەوداکانی گەشەپێدان دابینکرا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە




*وێنە / بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان*

پەیوەندیان بە ئەولەویەتەکانی گەشەپێدانی ستراتیژییەوە هەبوو کە لەلایەن حکومەتەوە دانرابوون و هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوورمەوداکانی گەشەپێدانی ئەجێندای ٢٠٣٠.

لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی حکومەت لە بونیادنانی ئاشتی و پابەندبوونی گەشەپێدان و خۆگریی و ئاڕاستەکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە بەشدارن لە گەشەپێدانی دوورمەودا و جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی ڤیژنی ٢٠٣٠ ی عێراق و بەئۆپەراسیۆنکردنی ئامانجە پەیوەندیدارەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا. نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق و لیژنەی گەشەپێدانی دوورمەودا (NCSD).

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بۆ دابینکردنی پاڵپشتی بۆ ئەو کەسانەی لە لاوازترین پێگەدان، وەکو کەسانی کەمئەندام، ئەو کەسانەی لە ناوخۆدا دووچاری



*وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ*

ڕاگواستن هاتوون لە ناو و لە دەرەوەی کامپەکان، هەروەها گەڕاوەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا. پاڵپشتییەکە فرە-لایەن دەبێت وەکو لایەنی مافی مرۆڤ، گەشەی ئابووری، بەڕێوەبردنی باش و بەنامەرکەزی کردن، پاڵپشتی بۆ خانووبەرە، چاککردنەوەی ژێرخان، ئاسایشی خۆراک، تەندروستی، باشترکردنی کوالیتی ئاو،دامودەزگاکانی پاکوخاوێنی، گەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، خانووبەرە و زەوی و موڵک، پێسبوون بە ماددەی تەقەمەنی، بەنامەرکەزی کردن، ژینگە و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا، پاراستنی منداڵان، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، و ئازادیی ڕۆژنامەوانی.

عێراق لە قۆناغی گۆڕاندایە لە تەنها وەڵامدانەوەی کاری مرۆییەوە بۆ چارەسەرە دوورمەوداکان دوای پێنج ساڵ لەپاش دەرئەنجامی ئۆپەراسیۆنی ئاست بەرزی سوپا لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی ٢٠١٧. بارودۆخی کاری مرۆیی لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە باشبوون بووە، کە کەمبوونەوەیەکی دیار لە ژمارەی ئەو خەڵکانەدا هەبووە کە پێویستیان بە هاوکاری بووە لە ١١ ملیۆنەوە لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢,٥ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٢٢. سەرباری ئەوەش، ئەنجامدانی سەرکەوتووی هەڵبژاردنی دیموکراسی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، هاوکات لەگەڵ گەڕاندنەوەی داهاتی وڵات لە سەرەتای ٢٠٢٢، وایان کردووە حکومەتی عێراق (GoI) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بتوانن بەشێوەیەکی هەستپێکراو پێگەیەکی باشتریان هەبێت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بە کوالیتی باش، هەروەها پاراستن بۆ دانیشتووانەکەی، بەو کەسانەسەوە کە دووچاری ڕاگواستن هاتوون و ئەوانەش کە گەڕاونەتەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی قەیران لەو وڵاتانەی تر کە پێداویستیەکان لە توانا ناوخۆییەکان زیاترن، فەندی سالانەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریی کاری مرۆیی لە عێراق بەخێرایی دەستی بە کەمبوونەوە کرد و وا چاوەڕێش دەکرێت کە لە ساڵانی ئایندەدا لە کەمبوونەوە بەردەوام بێت. دوای گەیشتن بە تێکڕای ١,٨ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦ دا لە ماوەی پێش دەستبەسەردا گرتنەوەی موسڵ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، و چوار ساڵی دوابەدوای یەک لە بوون بەو وڵاتەی کە زۆرترین فەندی بۆ تەرخان کراوە لە جیهاندا کە زیاتر لەسەدا ٩٥ ی فەندی داواکراو دابینکراوە، پلانی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی ساڵی ٢٠٢١ بۆ عێراق تەنها بەڕێژەی ٦٣ فەندی بۆ تەرخان کراوە، هەروەها پلانی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ گەیشت بە لەسەدا ٨٤ تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، دوای ئەوەی بۆ زۆرینەی ساڵەکە لە دەوری لەسەدا ٦٠ بوو.



وێنە / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران

بە لەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی پێویستی بۆ کاری مرۆیی، لەگەڵ کەمبوونەوەی فەندی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ئەو بکەرانەوە وەردەگیرا کە لە عێراق کاریان دەکرد، تیمی وڵاتی کاری مرۆیی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا ڕازیبوو بەوەی کە کاتی ئەوەیە وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی بگۆڕێت بەرەو گەشەپێدانی دوورمەودا بە زیادبوونی ڕۆڵی حکومەت وەکو ئەرک هەڵگرێکی بنەڕەتی.

**چیرۆکەکانی مەیدان**

ئەلموحرا خاتوونێکی بەجەرگە و سوورە لەسەر ئەوەی دەنگی ببیسترێت. لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا، دەرچووی بەشی زانستی دارایی و بانکە و بەکالۆریۆسی لە کارگێڕی و ئابووریدا هەیە. ئەو لە پارێزگای سەڵاحەدین لە ناوچەی ئەلعەلام لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانیدا دەژی.



وێنە / ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان

ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی دارایی و بەهرە تەکنیکییەکان و ئەزموونی بۆ ڕێکخراوێک دابینکرد تاکو خولەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەبچن. ئەلموحرا ڕوونیکردەوە، "ڕاهێنانەکە بوو بە هاندەرێکی بەهێز بۆم تاکو شێواز و تەکنیکە کردەییەکانی بڵاوکردنەوەی ئاشتی لەو کۆمەڵگەیەدا کە لێی دەژیم فێربم، هەروەها وایکرد زیاتر سووربم لەسەر سەرکەوتن."

ئەلموحرا بەپێی پلانێک بۆ داهاتووی کاردەکات کە وادەکات خولیاکانی بێنەدی و ببێت بە ئەفسەر و نوێخوازێکی مێینە. ئەو باوەڕی وایە کە بەشداریکردنی لە پرۆژەکەدا باوەڕبەخۆبوونی زیادکردووە، هەروەها واشی لێدەکات کە ئەم بەهرە نوێیانەی لە سەرکردایەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکی و دبلۆماسیی گفتوگۆدا بەکاربێنێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگەکەیدا تاکو هەمووان بتوانن ژیانێکی هەماهەنگتر بژین.

# ١,٢ دەستکەوتەکان لە ناوچە مەوزوعییەکاندا

## گەنجان

نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی وەزارەتی وەرزش و لاوانیدا لە پەرەدان بە پرۆسە ستانداردەکانی بەڕێوەبردن (SOPs) بۆ بەرنامەیەکی پەروەردەیی کە ئامانجی ئەو هەرزەکار و گەنجانەیە کە کەمئەندامن لە ناوەندەکانی لاواندا. پرۆسە ستانداردەکانی بەڕێوەبردن بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافی ناوەندی لاوان و نوێنەرانی حکومەت و هەروەها ئەو گەنجانەی کە کەمئەندامن بۆ دڵنیابوونەوە پێشبینی و تێڕوانین و بەشدارییەکانیان ڕەچاوکراوە.



*وێنە / سندووقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان*

نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی ڕێکخستنی دوو خولی ڕاهێنانی گەشەپێدانی تواناکان ڕاهێنەر (**ToT**) بۆ ستافی ٢٣ ناوەندی چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی (**PHCC**) کە لە ١٠ پارێزگای ئەولەوییەوە هاتبوون، کەوایکرد توانای ستافی چاودێریی تەندرووستی بونیاد بنێت تاکو باسی گرفتەکانی تەندرووستیی



*وێنە / سندووقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان*

هەرزەکاران بکەن، خزمەتگوزاریی دۆستی گەنجان دابین بکەن، بانگەشە بۆ شێوازە ژیانی تەندرووست بکەن و باسی نیگەرانییەکان سەبارەت بە تەندرووستیی دەروونی بکەن.

دوابەدوای ئەوە، ستافە ڕاهێنراوەکە زنجیرەیەک لە ڕاهێنانی پێنج ڕۆژیی گەشەپێدانی تواناکانی بۆ ٩٠ کارمەندی ناوەندی چاودێریی سەرەتایی (PHCC) لە پارێزگاکانی خۆیاندا ئەنجامدا،کە لە ئەنجامدا ٥,٣٦٦ هەرزەکار و گەنج خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری و ڕەوانەکردن وەربگرن لەڕێگەی (PHCC) سەبارەت بە گرفتەکانی تەندرووستی، کە پلاندانان بۆ خێزان و تەندرووستی و مافەکانی زاوزێ و وەچەخستنەوەشی (SRHR) لەخۆدەگرت. گەنجان خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری و ڕەوانەکردن سەبارەت بە تەندرووستیی سێکس و وەچەخستنەوە و خزمەتگوزارییە دەروونییەکان لەڕێگەی دوو خزمەتگوزاریی هێڵی یارمەتیی ڕاوێژکارییەوە بۆ هەرزەکار و گەنجان لە باشووری ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان لە عێراق. زانیاری و بەهرەی پێویست بۆ مامۆستایان تاکو لە پۆلدا باسی گرفتەکانی تەندرووستی سێکس و وەچەخستنەوە، هاندانی هەڵسوکەوتی تەندرووست، هەروەها ڕێگرتن لە هاوسەرگیری پێشوەختە لەنێو هەرزەکاراندا، لەڕێگەی ڕاهێنانی تواناکان بۆ ڕاهێنەران (ToT) پەرەی پێدرا.

## ئافرەتان

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی ئافرەتان و بەشداریی تەواویان لە هەموو قۆناغەکانی یەکسانی و گشتگیریدا هەیە، کە ئەم دووانە بنچینەیین بۆ گەشەپێدان. داکۆکی و گفتوگۆی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەسەڵاتەکان لە عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشداریی ستراتیژیی خستەکار سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی لە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر لەدژی ئافرەتان، بەڕێوەبردنی دادپەروەری، زیادبوونی نوێنەرایەتی کردن، هەروەها بەشداریی مانابەخشی ئافرەتان لە پرۆسەی بڕیاردان و بەشدارییان لە هاندان بۆ کۆمەڵگەیەکی عێراقیی جێ جیاکاری و گشتگیر. بەشدارییەکە لەڕێگەی چوار وۆرکشۆپی ڕاوێژکارییەوە خرایەڕوو لە نێوان حوزەیران و

ئەیلوولی ٢٠٢٢. لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان هەماهەنگیی لەگەڵ ١١٤ ڕێکخراوی بەڕێوەبراو لەلایەن ئافرەتانەوە کرد لە بەغداد، بەسرە، هەولێر، کەرکوک و موسڵ، بە هاریکاریکردن و کارکردن لەنزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان بۆ پاراستنی مافی ژنان. گفتوگۆی ئاست بەرزی سیاسەت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ژنان و گەشەپێدان سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی لە تاوانی توندوتیژی دژ بە کچان و ژنان لە خێزاندا جەختیان لەو ئاڵنگارییانە کردەوە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا.

ئەمە چەند پێشنیارێکی خستە بەردەست سەبارەت بە هاندان بۆ بەرپرسیارییەتی هەڵگرتن کە لەڕێگەی چوار ۆرکسۆپی ڕاوێژکارییەوە ڕوونکرانەوە کە لەنێوان حوزەیران بۆ ئەیلوولی ٢٠٢٢ ئەنجامدران. گفتوگۆکە بووەهۆی پابەندبوونی دەسەڵات بە زیادکردنی ژمارەی دادوەری ژن کە لە دادگاکانی توندوتیژیی خێزانیدا کاربکەن و هەروەها فەرمانیشی بە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کرد کە لە تاوانی توندوتیژیی دژی کچان و ژنان بکۆڵێتەوە.



*وێنە / نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ*

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، گرووپ و ۆرکشۆپەکانی گفتوگۆ بە زیاتر لە ١,١٠٠ ڕزگاربووی مێینە لە کامپی ئاوارەکانی دهۆک هانی ڕزگاربووەکانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ناکۆکی و ململانێوە دا کە داوای مافی خۆیان بکەن و دووبارە ژیانیان وەکو ئەندامی چالاکی کۆمەڵگەی عێراقی بونیاد بنێنەوە. ئەو گۆشەنیگایەی کە لەڕێگەی ئەم بەشداریکردنەوە پەرەی پێدراوە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەشداریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووەکانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ناکۆکی و ململانێ.

**توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی (SEA)**

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، تێکڕای ٦٥ کەیسی دانراو بە توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی لە عێراق تۆمارکراون، کە لە ١٦ کەیسەوە لە ساڵی ٢٠٢١ دا زیادیان کردووە. بیست و چوار لەم کەیسانە ڕەوانەی ڕێکخەری پاراستن لە توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی (PSEA) کراون و لە ١١ لەم کەیسانەدا (٤٥,٣%) ڕێکخەری/تۆڕی پاراستن لە توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی (PSEA) لە ماوەی ٧ ڕۆژ یان کەمتردا وەڵامیان داوەتەوە. ڕاهێنانی پاراستن لە توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی (PSEA) بۆ ئەندامەکانی ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەسانی بەرکەوتوو و هاوبەشەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا دابینکرابوو. لەسەدا ٩٠ ی ئەندامانی تۆڕی (PSEA) لە ساڵی ٢٠٢٢ ڕاهێنانی داواکراوی (PSEA) یان ئەنجامدا و ٨٣% یان ڕاهێنانیان دەربارەی ڕینمایی و پرۆتۆکۆڵەکانی (SEA) بۆ لێکۆڵینەوەی قوربانی/ڕزگاربووان پێکرا. بڕێ مەزەندەکراوی ٣٨٠,٢٨١ کەس بەشداربوون لەڕێگەی چالاکییەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری (PSEA) و وەگەڕخستنی کۆمەڵگە و ٩١% ی تێکڕای دانیشتووانی بەئامانجکراوی ئەندامانی تۆڕی (PSEA) دەتوانن بگەن بە کەناڵەکانی ڕاپۆرتدان لە توندوتیژی و چەوساندنەوەی سێکسی (SEA).

# بەشی دووەم



## پاڵپشتیی سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەولەویەتە نیشتیمانییەکانی گەشەپێدان لەڕێگەی چوارچێوەی هەماهەنگییەوە

# ٢,١ پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ١: بەدەستهێنانی توندوتۆڵی و پاراستن وگشتگیریی کۆمەڵایەتی

نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی بە پلانێکی وەڵامدانەوە دا بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر (GBV)، هەروەها سیستەمێکی بەڕێوەبردنی داتای توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر دانرا.

نەتەوە یەکگرتووەکان هاریکاریکرد لە دەستەبەرکردنی یاسایەکی خاوەندارێتیی زەوی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرابوو و ئاسایش و سەقامگیری بۆ کۆمەڵی یەزیدی لە عێراق فەراهەم دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی لاوان لەڕێگەی گرووپی ڕاوێژکاریی لاوان (YPAG) و پلاتفۆرمەکانی (U-Report) التي یو-ڕیپۆرت کە لێیانەوە بەشداردەبن لە باسەکانی وەکو گۆڕانی کەشوهەوا و توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی و تەندرووستیی دەروونی.

نەتەوە یەکگرتووەکان توانای کاری مینی نیشتیمانیی بەرەوپێش برد کە هانی پاراستن دەدات و بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئاشتەوایی لە ناوچە کارلێکراوەکان.




*دیاریکردنی ئەنجام ١-١, ١, ١: ژمارەی سیاست و یاساکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە خراونەتە کار یاخود چاککراون.*



*وێنە / بەرنامەی نشینگەی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان*

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٢:

دەستکەوتەکانی نتەوە یەکگرتووەکان بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕاپرسیی هێزی کار لە ماوەی دەیەیەکدا و هەروەها سیاسەتی پشکنینی کار و سەلامەتی پیشەیی و تەندرووستی (OSH)، دامەزراندن و نووسینی ڕەشنووسی سیاسەتی دامەزراندنی نیشتیمانیی نوێ بۆ عێراق.

نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاریی کرد بۆ ستراتیژیای ١٠ ساڵەی پەروەردەی عێراق و کوالێتیی پەروەردەی لە زانکۆ تەکنیکییەکاندا بەرەوپێشبرد، پاڵپشتیی کاغەزی سپیی عێراقی کرد بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، هەروەها لەڕێگەی پاڵپشتیی بژێوییەوە گەیشت بە سوودمەندبووە ڕاستەوخۆکان. نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاریشی کرد بۆ دوو ستراتیژیای سێکتەری بەڕێوەبراو لەلایەن بازاڕەوە، بۆ باشترکردنی هەلی داهات پەیداکردن بۆ جووتیاران و دابینکردنی بەهرە بۆ دامەزراندن و بوون بە خاوەن کاری سەربەخۆ. هەلی کاری سەربەخۆی بزنس و کۆمەڵایەتیی و بەهرەی دیجیتاڵی و ژیانی لە شەش پارێزگادا بۆ لاوان فەراهەمکرد، پاڵپشتیی وەزارەتی کشتوکاڵی کرد لە پێداچوونەوەی ستراتیژیای ئاسایشی خۆراکی نیشتیمانی و هەروەها ژێرخانی ئاودێریشی گەڕاندەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان کاریشی درووستکرد لەڕێگەی فەندی گەشەپێدانی سەرمایە کاش بۆ کار، پاڵپشتیکردنی ئەو لاوانەی کە ئامادەی خولی ڕاهێنانی پیشەیی بوون لە پێنج پارێزگادا. هەروەها پاڵپشتیی بژێوی پەیداکردنی ژنانیان کرد لەو ناوچانەی کە لە دەستی داعش ڕزگارکرابوون و لە شوێنەکانی تریش لەڕێگەی زیادکردنی بەشداری و دەستێوەردانیان لە کەرتی کاری مینی عێراقدا.



*وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی*

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٣: هاندانی دەزگا و خزمەتگوزارییە کاریگەر و گشتگیر و کاراکان

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەستکەوتی دیاری هەبووە لە چەندین بواردا، وەکو کاری مین، نوێگەری، بیمەی کۆمەڵایەتی، ڕەشنووسکردنی یاسایی، ئاسایش، تەندرووستیی ئاژەڵ، ئاسایشی خۆراک، پەروەردە، یەکسانی جێندەری، و بەهێزکردنی دامەزراوەیی. لە بواری کاری میندا، پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کاری مین و ئاژانسەکانی کاری مینی کوردستانی عێراق دابینکرا، هەروەها ستانداردی نیشتیمانیی کاری مین



*الصورة من اليونسكو*

تازەکرایەوە تاکو لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکاندا یەکبگرێتەوە.

لە بواری نوێگەریدا، نەتەوە یەکگرتووەکان نەخشەسازیی بۆ چارەسەرە ناوخۆییە نوێخواز و بەدیجیتاڵکراوەکان کێشا و توێژینەوەی بۆ بەهێزکردنی سیستەم و توانا دامەزراوەییەکان ئەنجامدا.

سیستەمی زانیاریی بەڕێوەبردنی بیمەی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدرا و ڕاهێنان بە ستافیش کرا بۆ بەکارهێنانی، هەروەها ٥٦٧ کارگێری حکومی لە ڕەشنووسکردنی یاسایی و بوارە پەیوەندیدارەکاندا ڕاهێنانیان پێکرا. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاهێنانیشی بە ئەفسەر و کارگێرانی پۆلیس کرد سەبارەت بە چەند بابەتێکی وەک باشترکردنی کاریگەریی پۆلیسی ناوخۆ و دادگاییکردنی کەیسەکانی تاوانی دارایی ڕێکخراو. نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی خزمەتگوزارییەکانی تەندرووستیی ئاژەڵ و بەڕێوەبردنی ئاوی کرد و داتای باوکراوەی لەبارەی شۆک و بژێوییەوە کۆکردەوە.کما حسنت الأمم المتحدة فرص نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها هەڵسا بە باشترکردنی گەیشتن بە خۆراکی بەسوود و پەروەردە بۆ ئەو منداڵانەی کە لەتەمەنی خوێندندان، تواناکانی حکومەتی بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی نیشتیمانی بۆ خۆراکی خوێندنگاکان بەهێزترکرد، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی لەڕێگەی سیاسەت و یاسای هەستیار بە جێندەر و گشتیگر و پشتبەستوو بە بەڵگەوە پەرەپێدا.

نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسا بە زیادکردنی توانای حکومەت بۆ هاریکاری و چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان لەسەر




*الصورة من منظمة الأغذية والزراعة*

جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دووڕمەودا، هەروەها هانی بەشداریکردنی ژنانیدا لە لابردنی مین و کەرەستە تەقیوەکاندا.

نەتەوە یەکگرتووەکان بونیادنانی توانای دامەزراوەیی بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و ڕێکخراوە ڕاهێنان پێکراوەکان دابینکرد تاکو ئامرازی خۆ-هەڵسەنگاندن بەکاربهێنن و لەئەنجامیشدا پەرە بە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی درا.


تاقیگەی خێراکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢ دا چەندین ئامانجی بەدەستهێنا، لەوانەش بەکارهێنانی شێوازی نوێخوازی وەکو تێڕوانینی هەڵسوکەوتی و پێکەوە درووستکردنی چارەسەری ناوخۆیی بۆ بەهێزکردنی سیستەمی ژینگەیی نوێخوازی و هاندانی کاری سەربەخۆ. هەروەها گرنگیان دا بە بەرپرسیارییەتیی ژینگەیی لەڕێگەی دەستپێشخەریی **"Step4Climate"**، هەنگاو بۆ کەشوهەوا، وە وەڵامی بەدیجیتاڵکردنیان دایەوە لەڕێگەی جێبەجێکردنی بەرنامەی شێوازی فێربوون و وانەوتنەوەی تێکەڵ لە زانکۆ عێراقییەکان. بەگشتی، هەوڵەکانی تاقیگەکە ئامانجیان باشترکردنی هەلەکانی دامەزراندن و پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و پەرەپێدانی هۆشیاریی ژینگەیی و هاندانی زیادکردنی بەهرەی تەکنەلۆژی لە عێراق بوو.




*دیارخەری ئەنجامb-1.1.3. ژمارەی ئەو بەرهەمی زانیاری و زانیانەی (پرۆسە ستانداردەکانی بەڕێوەبردن، ڕێنماییەکان، هتد) کە گەشەیان پێدراوە*

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٤: هاندانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و مەترسیی کارەسات


سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کە لەلایەن وڵاتەوە هێنرابوونە ئاراوە، چەندین دەستپێشخەریی هاوبەشی جۆراوجۆر ئەنجامدران بۆ بونیادنانی تواناکان بۆ بەڕێوەبردنی چەندین مەترسیی سیستەمی (نەخۆشی بڵاوبووەوە و کەشوهەوا و کارەسات و ناکۆکی و هەڕەشە بۆ سەر زنجیرەی خۆراک کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو)، لەوانەش بەهێزکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی مەترسیی کارەسات و کەشوهەوا شانبەشانی ئامانجی ١٣ و ١٥ی گەشەپێدانی دوورمەودا.
لە ئەنجامی ئەو پاڵپشتییەی کە لەلایەن حکومەتەوە دابینکرا و هاوشانی بەشداریکردنی سووری نیشتیمانی (NDC)، نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریکردن لە تاوتوێکردنی کاغەزی سەوز، کارە نیشتیمانییە گونجاوەکانی کەمکردنەوە (NAMA)، و ستراتیژیای ژینگەی نیشتیمانی، پاڵپشتیی ئامادەکردنی وۆرکشۆپ سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە ناوەوەی عێراق کە لەلایەن مەکۆی (بحر العلوم)ـەوە ڕێکخرابوو، هەروەها ئامادەکردنی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەربارەی گۆڕانی کەشوهەوا و ژینگە، هەروەها بەشداریکردنی حکومەت لە کۆنفرانسی لایەنەکان (COP 27).
بۆ خستنەڕووی کاریگەرییە توندەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، کە وادەکات بەرکەوتن و لاوازیی خەڵکی عێراق لەگەڵ مەترسییە سرووشتی و دەستکردەکاندا زیاتر بێت و دەرئەنجامی توندی بۆ سەر ژیان و داهات و بژێویان هەبێت، نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە کاردا بووە بۆ پێچەوانەکردنەوەی پرۆسەی تێکچوونی خاک و پاراستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی خاک و ئاو بەشێوەیەکی دوورمەودا لە سیستەمە ژینگەییەکانی زۆنگاوە تێکچووەکان لە باشووری عێراق.
بە ڕۆیشتن بەئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجی ٦ و ٧ی گەشەپێدانی دوورمەودا، لە وەڵامی قەیرانی کەشوهەوای وەکو کەمیی ئاو، چەند بەرنامەیەک بە سەرکەوتوویی لە سەرتاپای وڵاتدا جێبەجێکراون بۆ باشترکردنی گەیشتن بە ئاوی پاک و کوالیتی باش، بەهەمەجۆرکردنی وزە، کەمکردنەوەی فشاری سەرچاوە مرۆییەکان، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ بەڕێوەبردنی بەفیڕۆدان لەڕێگەی کاری هاوبەشی بەهێزتر لەگەڵ کەرتی تایبەت و تەکنەلۆژیای نوێخواز و بەشداریی گەنجان.





وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ

بۆ بەهێزکردنی ڕاهاتن و ڕێوشوێنەکانی بەرگەگرتن لە بەردەم گۆڕانی کەشوهەوادا، هەڵسەنگاندنێکی نیشتیمانی بۆ مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا ئەنجامدرا. توێژینەوەکە ئەنجامی سێ هەرێم دەخاتەڕوو، هەرێمی ژینگەیی زۆنگاوەکانی باشوور، کەنداوی فارسی و هەرێمی ژینگەیی شەتولعەرەب. توێژینەوەکە شیکاری سەبارەت بە کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گۆڕانی کەشوهەوا دەخاتەڕوو کە لەئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و ئاستی دەریا و ئەو گرفتە تەندروستییانەی کە بەهۆی کەشوهەواوە درووست بوون، هەروەها پەیدابوونی زریانی تۆز و خۆڵ بەهۆی کەمبوونەوەی شێداری.
حکومەت، بە پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەم شیکاریی کەشوهەوای دیمەنی بۆ منداڵان و گەنجان تەواوکرد.




*دیارخەری ئەنجام ١,٤-١: یارمەتیی فەرمیی گەشەپێدان و خەرجیی گشتی سەبارەت بە بەکارهێنانی پارێزەر و دوورمەودای هەمەجۆری زیندەیی و سیستەمە ژینگەییەکان.*

**ئەولەویەتی ستراتیژیی ٥: بەدەستهێنانی چارەسەری شکۆمەندانە و سەلامەت و خۆویستانە بۆ ڕاگواستن لە عێراق**

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە چاکسازیکردن لە ژێرخانی پارێزگا ئازادکراوەکاندا، لەڕێگەی کەیسی گرنگی سەقامگیرکردنییەوە، بۆ ئاسانکاری کردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها هەڵسا بە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ پاڵپشتیکردنی ئامادەکاریی کۆمەڵەکە و دووبارە تێکەڵکردنەوەی ئاوارەکان و ئەوانەی کە وادادەنرێت پەیوەندیان بە داعشەوە هەبێت.





*وێنە / فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین*

نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریکرد لە بەرنامەی گەشەپێدانی تواناکان بۆ ئەو دابینکەری خزمەتگوزارییانەی کە لەگەڵ ئەو گرووپانەدا کاردەکەن کە لە لاوازترین پێگەدان لە ناوچەکانی ڕاگواستن، لەوانەش بەڕێوەبردنی کەیس، خزمەتگوزارییەکانی ڕەوانەکردن، هەروەها بەرنامەی تایبەت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت. توێژینەوەی بابەتی سەبارەت بە دۆخی ژنان و کچان و گەیشتن بە ناوچەکانی ڕاگواستن ئەنجامدرا بۆ دابینکردنی داتای کوالیتی باش وەکو بەڵگە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە دانانی بەرنامەی گونجاو بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم کۆمەڵانەی دانیشتووان. نەتەوە یەکگرتوووەکان گرنگیشیدا بە پلانی کارەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانە سرووشتییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەریی چاوەڕوانکراو لەسەر کۆمەڵەکانی ژنان و کچان، هەروەها پاڵپشتیی تەکنیکیی بۆ حکومەتی عێراق دابینکرد بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتی دانیشتووان که ئەویش دەرئەنجامی پەیوەندیدار بە بژاردەی سەقامگیری و خۆگریی لەخۆدەگرت بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا و بە مەبەستی گەشەپێدان.



*وێنە / کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران*

نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها بەشداریکرد لە هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ڕێبەریی ئامادەکاری و بەکۆتاییکردنی هەشت پلانی کار لەڕێگەی گرووپەکانی هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان لە هەشت پارێزگای بەئامانجکراودا، هەروەها لە کاری مرۆییەوە گۆڕا بۆ چارەسەرە دوورمەوداکان و چارەسەرەکانی گەشەپێدان لەدوای ساڵی ٢٠٢٢ وە. سەرباری ئەوەش، نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریکردووە لە بەهێزکردنی میکانیزمەکانی کاری مینی حکومەتی عێراق لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی کۆنفرانسێکی بەخشەری نێودەوڵەتی.




*دیارخەری ئەنجام ٥,١,٥.a: ژمارەی دەستپێشخەرییەکانی توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوخۆیی پاڵپشتیکراون*

لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی بەشداریکردنی حکومەتی عێراقی کرد لە مەکۆی پێداچوونەوەی کۆچکردنی نێودەوڵەتی (**IMRF**) و تەسلیمکردنی پێداچوونەوەی خۆویستانەی نیشتیمانی، توانیی ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی نەینەوا و سەلاحەدینی بەدەستهێنا بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت منداڵانی بێ بەڵگەنامە بەردەوام بن لە خوێندن و بڕوانامەی فەرمی بەدەست بهێنن، بەردەوام بوو لە کارکردن لەنزیکەوە لەگەڵ حکومەتدا لە بەرەشنووسکردنی ستراتیژیای نیشتیمانیی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە خۆکوشتن، هەروەها پاڵپشتیی گرنگی دابینکرد بۆ یاسای ڕزگاربووە یەزیدییەکان (**YSL**) لە دانانی ستافی بەڕێوەبەرایەتی بۆ کاروباری ڕزگاربووەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریی یاسایی و ڕاوێژکاری و نوێنەریکردنی بۆ ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و ئەو دانیشتووانانەی تر کە لە پێگەی لاوازدان دابینکرد بۆ خستنەڕووی ئەو ئاستەنگانەی کە پەیوەندییان بە بەدەست خستن یاخود نوێکردنەوەی بەڵگەنامە مەدەنییەوەکانەوە هەیە. داکۆکیی هاوبەشی نەتەوە یەکردتووەکان لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەغداد سەبارەت بە کەیسە ئاڵۆزەکانی ئەو منداڵانەی کە بەڵگەنامەی مەدەنییان ونبووە و پێشنیارەکان بۆ دانانی پرۆسەکانی باشترین بەرژەوەندی (**BIP**)، پێشنیارەکانی (**BIA/BID**) لەجیاتیی پشکنینی **DNA** بەردەوامن.

# ٢,٢كارە لەپێشینە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی




## ئەولەویەتی ستراتیژیی ١: بەدەستهێنانی توندوتۆڵی و پاراستن و گشتگیری کۆمەڵایەتی

دەرئەنجامی ١

### سیاسەتە بەهێزکراو و کاریگەرەکان و سیستەمە نیشتیمانییەکان




- نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی بە پلانێکی وەڵامدانەوەدا بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر (GBV) لە عێراق، کە لەلایەن حکومەتەوە پەسەندکرا. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی دامودەزگا نیشتیمانییەکان دەکات لە دەرخستنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و دانانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی داتای توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر.
- نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەدەستهێنانی مافەکانی موڵکداریی زەوی بۆ کەمینەی یەزیدی لە سنجار بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە. یاسایەک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ پەسەندکرا. پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئاسایش و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگای یەزیدی لە عێراق دابین بکات.
- ڕەشنووسکردنی یاساکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە عێراق و لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش، بونیادنانی زنجیرەیەک شیکاری بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی چاکسازیی یاسایی و ڕاوێژکارییەکان. ڕەشنووسی یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی شوورادایە و بەم زووانە لەلایەن پەرلەمانەوە جێبەجێ دەکرێت.

دەرئەنجامی ٢

### گەیشتنی دادپەروەرانە و دوورمەودا بە سیستەم و خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی کوالیتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی

- ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی قوتابخانەدان سوودیان لە زیادبوونی توانای حکومەتی نیشتیمانی وەرگرتووە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی نیشتیمانیی خۆراک پێدانی قوتابخانەکان کە پەرە بە دەستگەیشتن بە خۆراکی بەسوود و پەروەردەی دادپەروەرانە و دەرفەتی یەکسان دەدات.

دەرئەنجامی ٣

### ئەو میکانیزمە کاریگەرانەی کە ڕێگری لە ناکۆکی دەکەن و کەمیدەکەنەوە و بەڕێوەی دەبەن و بەشداردەبن لە توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە


- لە ساڵی ٢٠٢٢ دا گەنجان لە پلاتفۆرمی یو-ڕیپۆرتدا و بەشدارییان کرد لە بابەتەکانی وەکو گۆرانی کەشوهەوا، توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەروونی، هەروەها لەڕێگەی پلاتفۆرمە ئۆنلاین و ئۆفلاینەکانەوە بەشداربوون لە پرۆسەی نیشتیمانیی بڕیاردان و دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن.
- پلاتفۆرمی گرووپی ڕاوێژکاریی لاوان (YPAG) زیاتر پەرەی پێدرا و پاڵپشتیکرا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەرنامەی نیشتیمانیی کاری خۆبەخشی لاوان کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بەئۆپەراسیۆنکرا، توانای بەشداریکردنی بە گەنجان بەخشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت و تۆڕە ناوخۆییەکان.

### بەربەستە سەرەکییەکان

- سیستەمی بیرۆکراتی و کەمیی بەردەستبوونی قەوارە حکومییەکان تا ببن بە بەشێک لە دەستێوەردانەکانی گەشەپێدانی تواناکانی تایبەت بە دەستپێشخەریی داکۆکیکردن و گرفتە بەرنامەییەکان بەشێوەیەکی گشتی.
- دیاردە باوەکانی کۆمەڵگە هێشتا ئاستەنگن، وەکو نەریتە زیانبەخشەکان و هاوسەرگیریی منداڵ و دیاردە باوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی تر.
- تەرخانکردنی فەند هێشتا یەکێکە لە ئاڵنگارییە گەورەکان کە بەبەردەوامی کاریگەرییەکی دیاری لەسەر بەردەوامبوونی ئەو چالاکییانە هەیە کە پلانیان بۆ دانراوە.
- هەماهەنگی لەنێوان هاوبەشەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئاڵنگاری درووست دەکەن.

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی جێهێڵراون**

- نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشت بە ٢٦٤,١٨٩ سوودمەندبوو لەڕێگەی دابینکردنی گشتگیری خزمەتگوزاریی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، لەوانەش بەڕێوەبردنی کەیس، ڕەوانەکردن، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دابەشکردنی کەلوپەل، بەتایبەتی کەرەستەکانی تایبەت بە ژنان.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی بە پرۆسەکانی ستانداردی کارکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەردا بۆ کەرتی پۆلیس لە ساڵی ٢٠٢١ و لە ساڵی ٢٠٢٢ شدا بۆ بنکەکانی پۆلیس خرایەکار. سەرباری ئەوش، نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیکرد بە دیزاینکردنی پرۆسەکانی ستانداردی کارکردن بۆ ناوەندە یەک ویستگەییەکانی یارمەتیدان (OSACs).
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی کارای بۆ ٧ شێڵتەر و ناوەندی پاراستنی ژنان، ٣٧ ناوەندی کۆمەڵی ژنان، ١٨ تیمی گەڕۆک، هەروەها سێ ناوەندی یەک وێستگەیی یارمەتیدان (OSAC) دابینکردووە، لەپاڵ پاڵپشتیکردنی ٣ هێڵی خێرا لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە پاڵپشتیکردنی ناوچە دووردەستەکان لە کاری میندا، لەوانەش ناوچەی سنجار و ڕۆژئاوای ئەنبار و ئەو ناوچانەی کە لەسەر سنووری ئێران و ئەوانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری بەسرە.
- نەتەوە یەکگرتووەکان ٩,٩٩٥ جەلسەی پەروەردەکردن سەبارەت بە مەترسیی کەرەستەی تەقیوی بە زیاتر لە ٩٦,٠٠٠ عێراقیی وتەوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندییان بە تەقەمەنییەوە هەیە و کە تیایدا زیاد لە ٧٥%ی سوودمەندبووەکان خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بوون (کچان و کورانیش). ٦٤%ی سوودمەندبووەکانی خولی پەروەردەکردن سەبارەت بە مەترسیی کەرەستە تەقیوەکان (EORE) زیادبوونیان لە زانیارییان لە جیاکردنەوەی هەڵسوکەوتی سەلامەت و ناسەلامەت نیشاندا.
- زیادبوونی گەیشتن بە کوڕان و کچان لە باکگراوندی هەمەجۆرەوە کە ئاوارە و کەمئەندام و کەسانی ناچالاک و پەراوێزخراو لە کۆمەڵگا و دانەمەزراوان و گەنجانی بێ بەهرە و کارامەیی لە سەرتاسەری عێراقدا دەگرێتەوە.
- دامەزراندنی نۆ شوێنی دۆستی منداڵان و فێربوون لە دهۆک و نەینەوا کە لە ئەنجامدا ٥,١١٣ منداڵ (٣,٧٥٠ لە نەینەوا و ١,٣٦٣ لە دهۆک) توانیان بگەن بە خزمەتگوزاری و چالاکییەکانی پاڵپشتیی تەندرووستیی مێشک و دەروونی (MHPSS) کە لەڕێگەی ئەم ناوەندانەوە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵان دابینکراون.




## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٢: گەشەکردنی ئابووری بۆ هەمووان

### سیاسەت و یاسا ئابوورییەکان

دەرئەنجامی ١

- نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداربووە لە گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی ڕاپرسیی هێزی کاری نیشتیمانی (LFS)، کە داتا بۆ سیاسەت و یاسای یابووری پشت بەستوو بە بەڵگە دابین دەکات لەپێناو گەشەکردنی ئابووریی گشتگیر و هەستیار بە جێندەر. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاریی کرد بۆ دووپاتکردنەوەی سیاسەتەکانی پشکنینی کار و سەلامەتی و تەندرووستیی پیشەیی (OSH) لەلایەن وەزیرەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI).



*وێنە / ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی*


- نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاریی کرد بۆ پەرەدان بە پێنج قوتابخانەی پیشەیی بۆ گەیشتن بە ستانداردەکانی ناوەندەکانی نایابیی پیشەیی، وەکو بەشێک لە ستراتیژیای پەروەردەی ١٠ ساڵەی عێراق، کە پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییشی (TVET) لەخۆدەگرت.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی گەشەپێدانی ستراتیژیاکانی سێکتەری بەڕێوەبراو لەلایەن بازاڕەوەی کرد بۆ پەرەدان بە ڕکابەریکردنی سێکتەرە خاوەن توانا باڵاکان لە کشتوکاڵدا، وەکو پەلەوەر و تەماتە، بەشداریکرد لە هێنانەوەی ژێرخانی ئاودێری بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک و بژێوی، لەنێو چەند دەستپێشخەرییەکی تردا.

## گەیشتن بە و بەشداریکردن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا



وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ

- هەلی کاری ڕاستەوخۆ بۆ تێکڕای ١,٨٧٨ عێراقیی گەنج (٧٥١ مێینە) ڕەخسێنرا بە ئاوارە و پەنابەرانیشەوە لەڕێگەی بەرنامەی دامەزراندنی وەبەرهێنانی چڕ (EIIP)ی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستگەیشتن بە دەستپێشخەریی دارایی لەگەڵ دەستێوەردانی بانکەکان و دەزگای دارایی و سەرمایە (MFI).
- تێکڕای ٢,٨٨٣ دەستپێشخەر (٤٥% ژنان، ٤٠% گەنجان) لە کۆمەڵگە بەناوخۆیی ڕاگوێزراوەکان و پەنابەران و خانەخوێیەکانەوە لەڕێگەی بەرنامەی دەست بە بزنسەکەت بکە و پەرەی پێبدە (SIYB)، جێندەر و دەستپێشخەریی کار پێکەوە (GET Ahead)، و بەهرەکانی پەروەردەی ئابووری (FE) و بەرنامەی ڕاهێنانی بونیادنانی تواناکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سوودیان پێگەیەنرا کە وایکرد سوودمەندبووەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا لەڕێگەی چالاکییەکانی دامەزراندن و بوون بە خاوەن کاری سەربەخۆ.




*دیارخەری ئەنجام ١,٢,٢-١ – ژمارەی ئەو کار و بژێوییانەی کە خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردن گەیاندوویانە.*

- ٢٨,٣٠٠ سوودمەندبووی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی بەرنامە و دەستێوەردانەکانی پاڵپشتیی بژێویی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سوودیان پێگەیەنرا کە وا دیزاین کرابوون بەرگەگرتن زیادبەکن و بژێویی شیاو دابین بکەن بۆ یارمەتیدان لە زیادکردنی بەهێزکردنی ئابووریی ئەو کۆمەڵگانەی کە لە پێگەی لاوازدان و توانای باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان پێببەخشێت وەکو کاش بۆ کار لە خانووبەرە و کشتوکاڵ و کۆمپانیای بچووک و مامناوەند و دەرماڵە و ڕاهێنانی بزنس/ڕاهێنانی پیشەیی.

**بەربەستە سەرەکییەکان**

- ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان و کێشە سیاسییەکان بەردەوامن لە ڕێگریکردن لە گەشەکردنی ئابووری و درووستکردنی کار، کە وادەکەن سەرکەوتن بەسەر ئەو گرفتانەی کە پەیوەندییان بە دامەزراندن و بژێوییەوە هەیە سەخت بێت.
- دواکەوتن لە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ و گۆڕانکاری لە کارمەنداندا کاری کردووەتە سەر توانای ڕێکخراوەکان لە دابینکردنی پاڵپشتی و یارمەتیی تەکنیکی، و دواکەوتنیش لە دەرکردنی یاسای نوێ دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز دەکەن
- تێنەگەیشتن لە پرۆسەی بەدەستگەیشتنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) و کاریگەریی دەستێوەردانی دەوڵەت لە سیاسەتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی وادەکەن بەدەستهێنانی ڕێگایەکی ڕیبەریکراو لەلایەن بازاڕەوە سەخت بێت. لەپاڵ ئەوەشدا، دابونەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشداریکردنی ژنان لە چالاکییە ئابوورییەکاندا سنووردار دەکەن، دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم هەوڵەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژنان.

**گەیشتن بەوانەی کە بەجێهێڵراون**

- نەتەوە یەکگرتووەکان توانی بگات بەو کۆمەڵانەی کە لە خۆشگوزەرانیدا ناژین و ئەوانەی کە پەراوێزخراون لە عێراقدا، وەکو ئاوارە و پەنابەر و ژنان و گەنجان لەڕێگەی چەندین بەرنامە و دەستپێشخەریی جۆراوجۆرەوە کە جەختیان لە دامەزراندن و ڕاهێنانی کارامەییەکان و بوونە خاوەن کاری سەربەخۆ دەکردەوە.
- نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها بەهێزکردنی ئابووریی ژنان و کچانی لە عێراق بە ئەولەویەت کرد لەڕێگەی دەستێوەردان و کاری هاوبەشی بەئامانجکراو لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکاندا.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی بۆ دەستپێشخەریی کاری مین و پەروەردەکردنی سەبارەت بە مەترسیی کەرستەی تەقیو دابینکرد لە ناوچە دوورەدەستەکاندا بە تیشک خستنەسەر گەیشتن بە سوودمەندبووی گەنج.

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٣: هاندانی دەزگا و خزمەتگوزارییە کاریگەر و گشتگیر و کاراکان

### دامودەزگا و سیستەمی بەهێزکراو بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان

دەرئەنجامی ١

- دابینکردنی پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانی کاری مین، وەکو تازەکردنەوەی ستانداردە نەتەوەییەکانی کاری مین بۆ ئەوەی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی کاری میندا یەکبگرێتەوە به بەئەولەویەتکردنی ئامانجی ١٦ ی گەشەپێدانی دوورمەودا (ئاشتی، دادپەروەری، دامودەزگای بەهێز).



*وێنە / فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین*

- بونیادنانی تواناکان لە ناسینەوەی نەخۆشی و کۆکردنەوەی داتا و شیکاری و سیستەمەکانی ڕاپۆرتدان و زوو ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو نەخۆشییە ئاژەڵییانەی کە هەڕەشەیەکی گەورەن و بۆ شیکاریی بەکارهێنانی ئاو، بە بەئەولەیوتکردنی ئامانجی ٢ (نەمانی برسێتی) و ئامانجی ٦ لە گەشەپێدانی دوورمەودا (ئاوی پاک و خاوێنی).
- گەیشتنی باشتر بە خۆراکی بەسوود و پەروەردە بۆ ئەو منداڵانەی لە تەمەنی قوتابخانەدان، بەهێزکرردنی تواناکان بۆ ئەو بەرنامە نیشتیمانیانەی پێدانی خۆراک لە قوتابخانەکان کە هانی پەروەردەی دادپەروەر و دەرفەتی یەکسان دەدەن، بەشداریکردن لە ئامانجی ٢ (نەمانی برسێتی) و ئامانجی ٤ (پەروەردەی کوالیتی باش) و ئامانجی ٥ (یەکسانی جێندەری) و ئامانجی ١٠ (کەمبوونەوەی نایەکسانی) لە گەشەپێدانی دوورمەودا.

دەرئەنجامی ٢

### خەڵک پێشڕەوی دەکەن و بەشداردەبن لە دیزاینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییە دادپەروەر و بەرپرسیارەکاندا

- ژمارەی مین پوچەڵکەرەوە مێینەکان کە لە چەندین کەرتدا خزمەت دەکەن زیادی کرد دوابەدوای هەوڵ و هاندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەرگرتنی ئەندامی ستافی مێینەی زیاتر لەگەڵ هاوبەشە جێبەجێکارەکانیدا.



*وێنە / فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین*

- ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕاهێنانیان پێکرا بۆ بەکارهێنانی ئامرازی خۆهەڵسەنگاندن (SAT) کە بووە هۆی زیادبوونی بەرپرسیارییەتی هەڵگرتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی خۆی بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق (IHEC) فراوان کرد لەڕێگەی دەستپێشخەریی بونیادنانی توانای دامودەزگاکان لەڕێی یەکەی هەڵبژاردنی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (UNAMI)، کە بووە هۆی زیادبوونی بەرپرسیارییەتی هەڵگرتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا.
- لەپاڵ ئەوەشدا، ١٧ ڕێکخراوی ناحکومی ڕاهێنانیان پێکرا بۆ بەکارهێنانی ئامرازی خۆهەڵسەنگاندن (SAT) کە بووە هۆی زیادبوونی بەرپرسیارییەتی هەڵگرتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا، هەروەها ٤٠ کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەدەستخرا.

**گەیشتن بەوانەی کە بەجێهێڵراون**

- نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسا بە ئەنجامدانی ڕاهێنانی کەرستەی تەقیو بۆ ژنانی بەشداربوو تاکو هێزیان پێببەخشێت لە پاراستنی خۆیان و کۆمەڵگاکانیان.
- بەرنامەی نیشتیمانیی دابینکردنی خۆراک بۆ قوتابخانەکان پەروەردەی کوالیتی باش و خۆراکی بەسوودی بۆ منداڵانی قوتابخانە دابینکرد کە پەراوێزخراون و لە پێگەی لاوازدان، ئەمەش وایکرد جیاوازی و نایەکسانی لە دەرهاویشتە پەروەردەییەکاندا کەمبێتەوە و کوالیتیی ژیان بەگشتی باشتربێت.
- بەهێزکردنی توانای حکومەت و دابینکردنی پەروەردەی خۆراک و پاکوخاوێنیی لە قوتابخانەکاندا یارمەتیدەر بوو لە خستنەڕووی نایەکسانیی تەندرووستی و خۆشگوزەرانیی ئەو دانیشتووانانەی باشترکرد کە پەراوێزخراون و لەپێگەی لاوازدان.



*وێنە / فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین*

**بەربەستە گرنگەکان**

- گۆڕانکاریی زوو زوو لە سەرکردایەتیی باڵای بەرپرسەکانی کاروباری مین دەبێتە هۆی ئاڵنگاری لە بونیادنانی پەیوەندیی درێژخایەن و پەرەپێدانی ستراتیژیای فرە-چین.
- ناجێگیریی سیاسی و ئاسایش لە وڵاتەکەدا ڕەنگە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە ئەو دانیشتووانانەی کە لە پێگەی لاوازدان، وەکو ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی قوتابخانەدان، هەروەها بووە هۆی هەڵوەشانەوە و دواخستنی ئەنجامدانی چالاکییە سەرەکییەکانی ڕاهێنان لە چارەکی سێیەمی ساڵی ٢٠٢٢ دا.
- دابەشکردنی دارایی و توانای سنوورداری حکومەتی نیشتیمانی لە بەڕێوەبردن و هێشتنەوەی بەرنامەیەکی نیشتیمانیی خۆراک پێدانی قوتابخانەکان، هەروەها چوارچێوەیەکی یاسای و ئیداریی سنووردار بۆ دڵنیابوونەوە لە پاراستنی هەستیار بە جێندەر و تەمەن و سیستەم و خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئاڵنگاریی سەرەکین بۆ گەشەپێدانی یاساڕێسا و سیاسەتی پشتبەستوو بە بەڵگە و گشتگیر و بەهێزکردنی پەروەردە و ڕێنماییەکانی خۆراک و پاکوخاوێنی بۆ قوتابخانەکان.

**چیرۆکەکانی مەیدان**




*وێنە / ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان*

مەروا بەفەرمی نەیخوێندووە و کاتێک تەمەنی تەنها ٢١ ساڵ بووە لەگەڵ کرێکارێک هاوسەرگیریی کردووە و شەش منداڵی لێ بووە، کە یەکێکیان خاوەن پێداویستیی تایبەتە. لە ساڵی ٢٠١٦ دا خۆی بە بێوەژنی بینییەوە و ناچاربوو لەگەڵ منداڵەکانیدا لە ماڵەکەی هەڵبێت تاکو لە ناکۆکیی خێڵەکی دەربازبێت کاتێک خێزانەکەی بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی تۆمەتبار کران. لەوکاتەوەی لە گوندەکەی خۆی هەڵاتووە لە کامپی خەزەر نیشتەجێیە لە گوندی هانییە لە موسڵ. ماڵەکەی وێرانکراوە و مەروا دوودڵە لە گەڕانەوە بەهۆی باری نائارامیی بەردەوامەوە. ئەو بەلایەوە خۆشترە کە لە کامپەکەدا بمێنێتەوە چونکە لەوێ زیاتر هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکات و یارمەتی دەدرێت تاکو نان بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات لەڕێی ئەو یارمەتییە داراییەوە کە وەریدەگرێت.

دامەزراوەی برینگ هۆپ بە پاڵپشتیی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیکرد بە وتنەوەی خولی بەهێزکردنی ژنان لە ڕێگریکردن لە ناکۆکی و ململانێ و ستراتیژیاکانی چارەسەرکردن. مەروا لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ خەڵکدا کێشەی هەبوو ئەوەش بووە هۆی سەختی بۆی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و هەندێک جار مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە سادەکاندا و زیاتریش لە ئاڵنگارییە تاقەت پرووکێنەکانی ڕۆژانەدا.

مەروا وتی، "ئەم خولە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ژیانی خۆم و خانەوادەکەم. دەتوانین فێری ژیان لە ئاشتیدا بین و یەکەم هەنگاویش ئەوەیە کە بتوانم ژینگەیەکی باشتر بۆ منداڵەکانم فەراهەم بکەم و لە خێزانێکی پڕ خۆشەویستیدا گەورەیان بکەم، تەنها دەتوانم سوپاسگوزاریی خۆم دەرببڕم بۆ برینگ هۆپ بۆ ئەم خولەی کە ژیانی گۆڕیم.

## ئەولەویەتی ستراتیژیی ٤: هاریکارتیی سەرچاوە سرووشتییەکان و بەڕێوەبردنی مەترسیی کارەسات و بەرگەگرتنی گۆڕانی کەشوهەوا

دەرئەنجامی ١

### سیاسەت و چوارچێوەی بەهێزکراو بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و گەشەپێدانی ئەو سەرچاوانەی کە نوێدەکرێنەوە و زیادکردنی خۆڕاگری



وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ

• نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەکات لە پێداچوونەوەی ستراتیژیای نیشتیمانیی ئاسایشی خۆراک و پێکهێنانی پلانێکی کاری نیو-خولی و چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی سەبارەت بە ئاژەڵ بۆ خستنەڕووی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر نەخۆشییەکانی مەڕوماڵات.

• نەتەوە یەکگرتووەکان هاریکاریی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی سنوور-گۆڕاوی زریانی لم و تۆز و باشترکردنی خۆگریی شارەکان لە ناوچە کارلێکردووەکاندا.

• نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی بۆ وەزارەتی ژینگەی عێراق دابین دەکات لە پەرەدان بە پلانی نیشتیمانیی ڕاهاتنی پشتبەستوو بە سێکتەر، بەکۆتاهێنانی دووەم ڕاپۆرتی پەیوەندییەکان و نوێکردنەوەی دووساڵی، هەروەها پەرەدان بە نەخشەڕێگای (NDC).

دەرئەنجامی ٢

### بەشداریکردنی خەڵک و دامودەزگا ژێر-نەتەوەییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و ژینگە

• نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی کرد لە هەوڵیدا بۆ بەدیهێنانی سیستەمی خۆراکی کشتوکاڵیی بەرگەی کەشوهەواگر و کەم دەردەری گازی زیانبەخش، بەخشینی دەسەڵات بە ژنانی گوند وەکو کارای گۆڕانکاری بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کەشوهەوا.



وێنە / بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان

• نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی کرد لە هەوڵیدا بۆ بەدیهێنانی سیستەمی خۆراکی کشتوکاڵیی بەرگەی کەشوهەواگر و کەم دەردەری گازی زیانبەخش، بەخشینی دەسەڵات بە ژنانی گوند وەکو کارای گۆڕانکاری بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کەشوهەوا.

• نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها هەڵسا بە دامەزراندنی یەکەیەکی بەنموونەکردنی کەشوهەوا بۆ باشترکردنی توانای توێژینەوە و بونیادنانی توانای دامودەزگاکان و گەیاندن و داکۆکیکردن لە ڕێوشوێنەکانی ڕاهاتن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بە حکومەتی نیشتیمانی. ڕێکخراوەکە پەیوەندی بەست لەگەڵ کۆمەڵگەکان و دامودەزگاکانی حکومەت سەبارەت بە تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی خاک و ئاوی دووڕەمەودا لەڕێگەی دەستێوەردانەکانی بونیادنانی

• بەرگەگرتنی کەشوهەوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی کە پەیوەندییان بە کەمیی ئاو و ڕووداوە توندەکانی کەشوهەواوە هەیە، کە سوودی بە زیاد لە ٢٠,٠٠٠ کەس گەیاندووە.

• نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی ناساندنی سەرکەوتووی شێوازێکی چارەسەرکردنی ئاوی بەفیڕۆچووی دۆستی ژینگە کرد، کە (MBBR) بوو، کە تیایدا ئاوە بەفیڕۆچووەکە بۆ ئاودێری بەکاردەهێنرا. هەروەها ڕێکخراوەکە پرۆژەی نوێخواز و بەگەگری کەسوهەوای زیادکرد بۆ دەستپێشخەرییەکانی کۆکردنەوەی ئاو لەو ناوچانەی ڕێژەی ئاو فشاری لەسەرە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی ئاو. نەتەوە یەکگرتووەکان کاریکرد بۆ چاکسازیکردن لە جۆگەکانی ئاودێریدا لە سەرتاپای وڵاتدا، کە وایکرد بەرهەمی دانەوێڵە و داهاتی خانەوادەکان زیادبکات. لەپاڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوەکە چاکسازی لە سێ ئێستگەی چارەسەرکردنی ئاودا دەکات لە بەسرە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ ٨٥٠,٠٠٠ کەس بەردەست بێت.

- نەتەوە یەکگرتووەکان توێژینەوەی پێش-کردەنی ئەنجامدا بۆ دەرکردنی مۆڵەتی دەردانی کاربۆن لە هێشتنەوە و هێنانەوەی دەشتە زۆنگاوەکان و بووژاندنەوەی زۆنگاوەکانی درەختی مانگرۆڤ لە باشووری عێراق، هەروەها چاندنی درەخت و پاراستنی



*وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی*

دارستانەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

- هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان کاریکرد لەسەر سیستەم و خزمەتگوزارییەکانی زانیاریی کەشوهەوا لەڕێگەی بەهێزکردنی ناوەندی تۆڕی خاک و کەشی لەنێو وەزارەتی کشتوکاڵدا بۆ هاندانی توانا و سیستەمەکانیان بۆ ئەنجامدانی کاری چاوەڕوانکراو.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندیکرد بە کۆمەڵەکان و دامودەزگاکانی حکومەتەوە لەبارەی تەکنیکە دوورمەوداکانی بەڕێوەبردنی خاک و ئاوەوە لەڕێگەی دەستێوەردانەکانی بونیادنانی بەرگەگریی کەشوهەوا بۆ زیادکردنی بەرهەمی دانەوێڵە و توانای ئەو جووتیارانەی کە لە پێگەی لاوازدان لە وەڵامدانەوەی بارە لەناکاوەکانی کەشوهەوادا. ڕێکخراوەکە پاڵپشتیی ڕێگریکردن لە گۆڕانی کەشوهەوا و چاککردنەوەی جۆگە ئاودێرییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا کرد، کە بووە هۆی باشتربوونی بەرهەمهێنانی چەنەها دانەوێڵەی جۆراوجۆر و زیادکردنی داهاتی خانەوادەکان.
- نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها دەستیکرد بە ژمارەیەک توێژینەوەی پێکهێنانی بەڵگە لەگەڵ چەندین وەزیردا، لەوانەش توێژینەوەی وشکەساڵیی نیشتیمانی لەگەڵ وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی وشکەساڵی لە عێراق و ڕێگاکانی بەڕێوەبردنی.

**بەربەستە سەرەکییەکان**

- بەربەستەکانی دابینکردنی فەند لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ئاستەنگێکی دیار بوون لەبەردەم بەدیهێنانی ئەنجامەکان. نزمیی ئاستی خواستی کۆمەڵگەی بەخشەران بۆ پاڵپشتیکردنی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی.
- هەڵسەنگاندنی دارایی کەشوهەوا لە پاڵپشتیکردنی هەوڵی گەشەپێدان لە عێراق لە ئێستادا هێشتا ئاڵنگارییەکی گەورەیە، لەگەڵ جێبەجێکردنی تێکەڵی "فەندی گەشەپێدان" و "فەندی کەشوهەوا".
- بۆ هەموو ئاژانسەکانی ناو کۆمەڵەکە، کەمکردنەوەی یارمەتیی فەرمیی گەشەپێدان (ODA)، بەوپێیەش بەربەستەکانی بەردەم فەند، گۆڕانکاری لە حکومەتدا و پێویستی بۆ دووبارە دانانەوە و پێکهێنانەوەی ئەولەویانتەکانیان و بودجەکەیان، دووبارە یەکگرتنەوەی کارەکانمان لەگەڵ ئەولەویاتە نوێیەکانی حکومەتدا.
- گەشەپێدان و تەرخانکردنی فەندی بەرنامەی هاوبەش لەگەڵ هەمەجۆری لە سەرچاوەکاندا (بە گشتی و تایبەتیشەوە؛ هەروەها بە گەشەپێدان و تەرخانکردنی فەند بۆ کەشوهەواشەوە) دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە زاڵبوون بەسەر بەربەستە داراییەکانی ئێستادا لەکاتێکدا گەشەپێدانی دوورمەودا پەرەی پێبدرێت.

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون**

- نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسا بە جێبەجێکردنی بەرنامەڕێژیی ئاو و پاکژی و تەندرووستی (WASH) بەرگەگر بۆ دابینکردنی بژاردەی دوورمەودا بۆ ئەو ناوچانەی کە مەیلی وشکەساڵییان هەیە، کە سوودی بە زیاتر لە ٧٣,٠٠٠ کەس گەیاند و تێچووی ئۆپەراسیۆنەکانی باری لەناکاویشی کەمکردەوە.
- نزیکەی ١,٥ ملیۆن کەس دەستیان گەیشت بە ئاوی خاوێن و ٤٣٧,٠٠٠ دەستیان گەیشت بە کەرەستەی پاکژیی سەلامەت لەڕێگەی پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەهێزکردنی چوارچێوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئازووقەی ئاو.
- دەستپێشخەرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخشینی دەسەڵات بە ژنانی گوند وەکو کارای گۆڕانکاری بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کەشوهەوا و کارکردن لەگەڵ نیشتنگەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە گوندنشینەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.



*وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی*

# ئەولەویەتی ستراتیژیی ٥: بەدەستهێنانی چارەسەری دوورمەودای شکۆمەندانە و سەلامەت و خۆویستانە بۆ ڕاگواستنی درێژەپێدراو

دەرئەنجامی ١

## دەستپێشخەرییەکانی سەقامگیری و گەشەپێدان و بونیادنانی ئاشتەوایی



*وێنە / بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان*

- بەردەوامیدا بە پرۆژەکانی چاکسازیی ژێرخان لە چەندین سێکتەری ئەولەویدا لە پارێزگا ئازادکراوەکان لەڕێگەی سەقامگیرکردن بۆ ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی دووچاری ڕاگواستنی ناوخۆیی (IDPs) بوون.
- خزمەتگوزاریی دابینکرد بۆ پاڵپشتیکردنی ئامادەسازیی کۆمەڵگە و دووبارە تێکەڵکردنەوەی ئاوارەکان و ئەوانەی وادانراوە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبێت بە کۆمەڵگە.
- ئۆپەراسیۆنەکانی ڕاپرسی و مۆڵەتپێدان جێبەجێکران. لە نەینەوا، ئۆپەراسیۆنەکانی مۆڵەتپێدان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون و گوندنشینەکان تێشکیان دەخستە سەر توانا بەخشین بە جووتیارە ناوخۆییەکان تاکو زەوی بکێڵن و تۆو بنێژن و هەروەها تیشکیان دەخستە سەر هاندانی ئاوارەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ زێدی نیشتەجێبوونی خۆیان دەست بکەن بە بونیادنانەوەی موڵکەکانیان.
- پاڵپشتیی گرنگی دابینکرد بۆ یاسای ڕزگاربووانی یەزیدی (YSL) و تەرخانکردنی ستافی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان لە ئامادەکردنی پرۆسەی ناوتۆمارکردن بۆ ڕزگاربووان کە لێیەوە دۆخی ڕزگاربووەکان دیاری دەکرێت لەڕێگەی ستافی سەربەخۆی حکومی. هەروەها یارمەتیی تەکنیکیی دابینکرد بۆ پەرەدان بە دەروازەیەکی ئۆنلاین بۆ دانەدەستی ناوتۆمارکردنەکان و یاساکانی پرۆسەکە بۆ پێداچوونەوەی تۆمارکردنەکە.

دەرئەنجامی ٢

## سیاسەت و ستراتیژیا و پلانەکان بۆ بەدەستهێنانی چارەسەرە دوورمەوداکان

- نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو هاوسەرۆکی گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان (DSTWG)، لەگەڵ هەماهەنگیی چارەسەرە دوورمەوداکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی، ڕێبەریی ئامادەکردن و بەکۆتاهێنانی هەشت پلانی کاری کرد لەلایەن گرووپەکانی هەمانگی لەسەر بنەمای ناوچەکان (ABC) لە هەشت پارێزگای بەئامانجکراودا.



*وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ*

- هەڵسەنگاندنی نیشتیمانیی و ناوخۆیی لەبارەی دووبارە تێکەڵکردن و دەمارگیریی توندوتیژانە ئەنجامدا. ئەم هەڵسەنگاندنانە ئەمانە لەخۆدەگرن؛ ڕاپرسییەکی تێڕوانین سەبارەت بە دووبارە تێکەڵکردنەوەی ئەو کەسانەی کە وابینراوە کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووبێت بە کۆمەڵگە، ڕۆڵی ژنان لە ڕێگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژ، ئەو ئاڵنگارییانەی کە ژنان و منداڵان ڕووبەڕوویان دەبنەوە کاتێک وادەبینرێن کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووبێ کاتێک تێکەڵ بە کۆمەڵگەکانیان دەکرێنەوە، ئەزموونی هاووڵاتیان لە ناکۆکی چەکداریدا، دووبارە تێکەڵکردنەوە، هەروەها هەوڵەکانی خاوەن بەشەکانی کۆمەڵگە لە پاڵپشتیاندا بۆ تێکەڵکردنەوە بۆ زانیاریدان بە بەرنامەسازییە ئایندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- بەشداریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ناڕێژەیی سەری حەوز (CPD) بۆ هاندان و بەهێزکردنی دانانی ڕێوشوێنی نیشتیمانی کە دواتر بەشداردەبن لە خزمەتکردنی لاوازترین کۆمەڵەکانی دانیشتووان هەروەکو پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانی ڕێوشوێنی نیشتیمانی بۆ گونجاندنی ناوەندی پاراستنی ژنان، هەروەها گەشەپێدان و دیزاینکردنی بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ مەزەندەکردنی نمرەکانی بەرەوپێشچوون و پلاندانان بۆ دانیشتووانی گەنج.

- وەکو هاوسەرۆکی گرووپی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان (DSTWG) و هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکان (DSTF)، نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریکرد لە هەماهەنگیی هاوبەش لەنێو هاوبەشەکانی گەشەپێداندا لە کۆڕەکانی هەماهەنگیدا.
- هەروەها پاڵپشتیی بەشداریکردنی حکومەتی عێراقی کرد لە کۆڕی نێودەوڵەتیی پێداچوونەوەی کۆچکردن (IMRF) و دانەدەستی پێداچوونەوەی خۆویستانەی نیشتیمانی.

**بەربەستە سەرەکییەکان**


- لەگەڵ ئەوەی لە چەندین ناوچەی عێراق بەرەوپێشچوونی بەرچاو هەبوو، نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ئاسایش، کە دەستێوەردانەکانی سەقامگیرکردن – دەستپێکردنی پرۆژەکانی دواخست لەپاڵ تێچووی زۆری چاودێریکردنی پرۆژەکاندا. وەکو بەشێک لە ستراتیژیای کەمکردنەوەی، نەتەوە یەکگرتووەکان هەماهەنگیی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرد لە پارێزگا فیدڕاڵییەکان و لەڕێگەی ستافە عێراقییەکەیەوە کە خەڵکی ئەم ناوچانە بوون بۆ ئاسانکردنی چاودێریی پرۆژەکان.
- سەرەڕای هەندێک سەرکەوتوویی لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ستافەکانی حکومەتی ناوخۆیی، هاوبەشەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامن لە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هێشتا ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە کارگێڕەکانی حکومەتی ناوەند، بەتایبەتی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان. لە ئەنجامدا، توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنەوەی کۆمەڵگاکان دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم گەڕانەوەی کۆمەڵە ڕاگوێزراوەکاندا بۆ زێدی نیشتەجێبوونیان. سەرباری ئەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی میکانیزمە دیار و کردەییەکانی کۆمەڵگا وەکو لیژنەکانی ئاشتەوایی ناوخۆ و گرووپەکانی ژنان و گەنجان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ گفتوگۆی ستراتیژی لەنێوان ڕێکخراوە عێراقییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی عێراق لەڕێی دەسەڵاتە ناوەندی و ناوخۆییەکانی لە سەرتاپای عێراقدا.
- ڕێوشوێنە کۆنەکانی سیستەمی نیشتیمانی بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکان پێویستیان بە نوێکردنەوەیە.
- سیستەمی دابەشکردنی بودجەی نیشتیمانی لەسەر بنەمای شیکردنەوە پێویستە نوێبکرێتەوە بۆ بودجەیەکی بەرنامەسازی بۆ زیادکردنی توانای قەوارە نیشتیمانییەکان لە دیزایکردنی بودجەکانی خۆیان بەشێوەیەکی گونجاو لە وەڵامی پێویستییە بەرنامەییەکاندا.


**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون**


*وێنە / سندووقی دانیشتووانی نەتەوە*

- جەختکردنەوەی زۆر لەسەر یەکسانیی جێندەری لەڕێی بەهێزکردنی تێکەڵکردنی ڕەچاوکردنی جێندەر بە ئامادەسازی و جێبەجێکردن و چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان لە پرۆژەکان، داننان بەوەی کە ژنان و کچان، کە نیوەی دانیشتووان پێکدەهێنن، بەتایبەتی لە بارودۆخی ناکۆکیدا لە پێگەی لاوازدان، زۆرجار بارێکی نایەکسانیان لەئەستۆیە لە پرۆسەی دوای ناکۆکیدا، بەوپێیەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بونیادنانی ئاشتیی درێژخایەن و کۆمەڵگای بەرگەگر و گەشەپێدانی دوورمەودادا.
- بەردەوام بوو بۆ بەهێزکردنی لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتیی ئەو گرووپانەی کە لەپێگەی لاوازدان، لەوانەش تێکەڵکردنی کەسانی کەمئەندام بە هەوڵەکانی سەقامگیری لەڕێگەی ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی بنەماکانی دیزاینکردنی جیهانی و بەردەست بۆ هەمووان ژێرخانی کۆمەڵایەتی و بەشەکانی خانووبەرەدا.
- لەڕێگەی ڕێگایەکی بەرنامەسازیی پشتبەستوو بە بەڵگە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ سەقامگیرکردن لەو شوێنانەی کە بارودۆخ تیایاندا تووندترین و سەختترین بووە بەئێستاشەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی لە کۆمەڵگە دوورەدەستەکانیشدا هیچ کەسێک بەجێناهێڵرێت.
- گۆڕانێک لە تەنەوە یەکگرتووەکاندا ڕوویدا لە سەقامگیرکردنەوە بۆ زیادبوونی تەرکیزی گەشەپێدان، نموونەی ئۆپەراسیۆنی کاروباری مین و چالاکیە کردەییەکان بەرەو ناوچە نیشتنگە و کشتوکاڵییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی سەلامەت و شکۆمەندانە.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی حکومەتی عێراق دەکات لە گەشەپێدانی ستراتیژیاکاندا (دانیشتووان، پلاندانان بۆ خێزان) بە جەختکردنەوە لە ڕێوشوێن و چارەسەرە بابەتییەکان کە دڵنیایی دەدەن لەوەی کەس بەجێنەماوە، وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆڤدا دەکەن، ڕێژەی مردنی دایکان کەمدەکەنەوە و پابەند دەبن بە ڕزگارکردنی ژیان و گرنگیدان بە دانانی ماوەیەک لەنێو دووگیانبوونەکاندا.

# ٢,٣ پوختەی دارایی چوارچێوەی هەماهەنگی ٢٠٢٠-٢٠٢٤ (بەدۆلار$)




| | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| SP1 | ١,٣٨ ملیار | ١,١١ ملیار | ٪٨٠ |
| SP2 | ٣٣٠ ملیۆن | ٢١٠ ملیۆن | ٪٦٤ |
| SP3 | ٥٣٩ ملیۆن | ٣٩٠ ملیۆن | ٪٧٢ |
| SP4 | ٢٢٦ ملیۆن | ١٤٣ ملیۆن | ٪٦٣ |
| SP5 | ١,٤٨ ملیار | ٩١١ ملیۆن | ٪٦١ |
| **تێکڕا** | **٣,٩٧ ملیار** | **٢,٧٦ ملیار** | ٪٧٠ |

## SP1 توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی

| دەرئەنجام | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| ١,١ | ٢٢٠ ملیۆن | ١٤٦ ملیۆن | ٪٦٦ |
| ١,٢ | ٩٩١ ملیۆن | ٨٤٣ ملیۆن | ٪٨٥ |
| ١,٣ | ١٧٣ ملیۆن | ١٢١ ملیۆن | ٪٧٠ |



## SP2 ئابووری

| دەرئەنجام | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| ٢,١ | ١٤٧ ملیۆن | ٧٧ ملیۆن | ٪٥٢ |
| ٢,٢ | ١٨٢ ملیۆن | ١٣٣ ملیۆن | ٪٧٣ |




## SP4 گۆڕانی کەشوهەوا

| دەرئەنجام | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| ٤,١ | ٨١ ملیۆن | ٣٧ ملیۆن | ٪٤٦ |
| ٤,٢ | ١٤٤ ملیۆن | ١٠٦ ملیۆن | ٪٧٣ |




## SP3 خزمەتگوزارییەکان

| دەرئەنجام | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| ٣,١ | ٣٥٨ ملیۆن | ٢٥٤ ملیۆن | ٪٧١ |
| ٣,٢ | ١٨١ ملیۆن | ١٣٦ ملیۆن | ٪٧٥ |



## SP5 چارەسەرە دوورمەوداکان


| دەرئەنجام | پێویست | وەگەڕخراو | % |
|---|---|---|---|
| ٥,١ | ١,٤ ملیار | ٨٥٣ ملیۆن | ٪٦١ |
| ٥,٢ | ٨٣ ملیۆن | ٥٨ ملیۆن | ٪٧٠ |



*ئەو شێوە وشیکارییانەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا نیشندراون پشتیان بە ئەو داتایە بەستووە کە لە (UN INFO) وەرگیراون*

# چوار سەرەکیترین هەرێم لە بودجەی ٢٠٢٢ دا کە لە هەریەکێکیان سێ لە باشترین دەرئەنجامیان هەبووە

گەیاندنی جوگرافیی بەرنامەسازی لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ڕەنگدانەوەی جەختکردنەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیی گەشەپێدانی دووەمەدای نەتەوە یەکگرتووەکانە (UNSDCF) لەسەر یارمەتیی تەکنیکی بۆ وەزارەتەکانی حکومەت، کە ئۆفیسیان لە بەغدادە. هەروەها هاوتای ئەو ئەولەویەتانەشە کە لە چوارچێوەی هەماهەنگیی (UNSDCF)ی ساڵی ٢٠٢١ دا پێداچوونەوەیان بۆ کراوە، کە جەختی لە سەقامگیری و دووبارە بونیادنانەوە دەکردەوە لە پارێزگایانەی کە زۆرترین کاریگەریی جەنگیان لەسەربووە بۆ ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان.





| پارێزگا | ڕێژەی بودجە | ا پارەی پێویست | پارەی وەگەڕخراو | دەرئەنجام، بروانە خوارەوە | پارەی پێویست | پارەی وەگەڕخراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | ٪١١ | ٨٥ ملیۆن | ٥٩ ملیۆن | ٥،١ | ٤٩ ملیۆن | ٣٤ ملیۆن |
| | | | | ١،٢ | ١٤ ملیۆن | ١٠ ملیۆن |
| | | | | ٣،١ | ٤ ملیۆن | ٢ ملیۆن |
| ئەنبار | ٪١١ | ٨٤ ملیۆن | ٦٠ ملیۆن | ٥،١ | ٣٩ ملیۆن | ٢٤ ملیۆن |
| | | | | ١،٢ | ١٤ ملیۆن | ١٠ ملیۆن |
| | | | | ٢،٢ | ١٠ ملیۆن | ٩ ملیۆن |
| بەغداد | ٪١٠ | ٧٦ ملیۆن | ٤٦ ملیۆن | ٣،٢ | ١٧ ملیۆن | ١٥ ملیۆن |
| | | | | ٥،١ | ١١ ملیۆن | ٦ ملیۆن |
| | | | | ٣،١ | ١٠ ملیۆن | ٥ ملیۆن |
| سەڵاحەدین | ٪٨ | ٦٣ ملیۆن | ٤٠ ملیۆن | ٥،١ | ٣٩ ملیۆن | ٢٤ ملیۆن |
| | | | | ١،٢ | ٨ ملیۆن | ٥ ملیۆن |
| | | | | ٣،١ | ٣ ملیۆن | ١ ملیۆن |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجامی ١،٢ | خەڵکی عێراق، بەتایبەتی ئەو دانیشتووانانەی کە خزمەتگوزاریی کەمیان بۆ دابینکراوە و پەراوێزخراوەکان و لاوازەکان، بەشێوەیەکی دادپەروەر و بەردەوام دەتوانن بگەن بە پاراستنی هەستیار بە جێندەر و تەمەن و کوالێتی باش و سیستەم و خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی. |
| دەرئەنجامی ٢،٢ | خەڵکی عێراق تواناکانیان پەرەی پێدراو کە وابکرێت وە گەشتنی گشتگیریان هەبێت بە بەشداربن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا. |
| دەرئەنجامی ٣،١ | دەزگا و سیستەمە بەهێزکراوەکان ئەو خزمەتگوزارییانە دەگەیەنن کە بۆ خەڵکن و لەسەر بنەمای بەڵگە و پێویستییەکانن و دادپەروەرانەن و گشتگیرن و هەستیارن بە جێندەر و تەمەن، بەتایبەتی بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە لە لاوازترین پێگەدان، بە تەرکیزێکی تایبەت لەسەر داکۆکیکردن لە سەرکردایەتی کردنی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیارداندا. |
| دەرئەنجامی ٣،٢ | خەڵکی عێراق و کۆمەڵگە و کۆمەڵە مەدەنییەکان و بەتایبەتیش ژنان، توانای سەرکردەیی کردنیان بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە و بەشداردەبن لە دیزاینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییە دادپەروەر و وەڵامدەرەوەکاندا، بەتایبەتی بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە لەلاوازترین پێگەدان. |
| دەرئەنجامی ٥،١ | دەستپێشخەرییە بەهێزکراوەکانی سەقامگیرکردن و گەشەپێدان و بونیادنانی ئاشتی پاڵپشتیی ئەو دەستپێوەردانانە دەکەن کە لەسەر بنەمای ناوچەکان لە ناوچەکانی ئاوارەبوون، گەڕانەوە یاخود ڕاگواستن بۆ باشترکردنی بەدیهێنانی چارەسەرە دووەمەدا خۆوییستانە و سەلامەت و شکۆمەندانەکان بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە ئاوارەبوون کاریگەری هەبووە لەسەریان. |

# ٢,٤ پاڵپشتیکردنی کاری هاوبەش و دابینکردنی دارایی بۆ ئەجێندای ٢٠٣٠

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هەوڵی بەرچاو دەدات بۆ زیادکردنی پاڵپشتی و مسۆگەرکردنی دارایی بۆ ئەجێندای ٢٠٣٠. یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی ئەم هەوڵانە بریتییە لە پێکهێنانی کاری هاوبەش لەگەڵ کەرتی تایبەت، کە پاڵپشتیکردنی دروستکردنی کاری هاوبەشی گشتی-تایبەت دەگرێتەوە. ئەوەی کە بەهەمان شێوە گرنگە کاری هاوبەشە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندای ٢٠٣٠. ئەم کارە هاوبەشانە شتێکی بنچینەیین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندای ٢٠٣٠ لە عێراق بەوپێیەی هەڵدەستن بە بەشداریردکن بە سەرچاوە و پسپۆڕیی و چارەسەری نوێخواز بەرەو ئەم ئامانجە لەکاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان زانیاری و باشترین کارپێکردنەوەکان بڵاودەکاتەوە بۆ پاڵپشتیی پەرەدان بە توانا ناوخۆییەکان.




بونیادنانی تواناکان لایەنێکی بنچینەیی ستراتیژیای نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاڵپشتیکردنی گەشەکردنی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار.هەوڵی وەکو گەشەپێدانی مەنهەج و بەرنامەیەکی نوێی خوێندنی باڵا، ڕاهێنانی ڕووبەڕووی پیشەیی و سەرکار لەگەڵ زانکۆی ئەمریکیی لوبنانی و تۆیۆتا و حەوت زانکۆی تەکنیکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان خراوەتەگەڕ.


کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای پێپسیکۆ (**PepsiCo**) ئاسانکاریی کردووە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو جووتیارانەی عێراق کە ناکۆکی و گۆڕانی کەشوهەوا کاری لێکردوون. کارە هاوبەشەکە یارمەتیدەر بووە لە بونیادنانی زنجیرەیەکی بەرهەمهێنانی دوورمەوداتر لە هەرێمەکەدا، بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق لە گەیشتن بە ئامانجی نەهێشتنی برسێتیدا.



*وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی*

بەهەمان شێوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوبەشی لەگەڵ دابینکەرانی کەرتی تایبەتدا بۆ پاڵپشتیکردنی بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە بۆ پێدانی خۆراک بە قوتابخانەکان، کە گەیشتووە بە نزیکەی ٤٥٠,٠٠٠ منداڵ کە لە تەمەنی قوتابخانەدان. ئەم هەوڵانە وڵاتەکەیان هەنگاوێک نزیکترکردووەتەوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەجێندای ٢٠٣٠ و هەبوونی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ژیانی خەڵکی عێراق.

## نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن بەشداربووە لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی دووڕمەودای ٢٠٢٢




نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئاسانکاریشی کردووە بۆ پاڵپشتیکردنی گەنجان لە بوونە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان و دەستکردن بە کار لەڕێگەی کاری هاوبەش لەگەڵ ئاسیاسێلدا. ئەم کارە هاوبەشە بووە هۆی پەرەپێدانی پلاتفۆرمێکی ئۆنلاین کە بۆ بەیەک گەیاندنی خاوەن کارە سەربەخۆکان دیزاین کراوە لەگەڵ وەبەرهێنەکان، کە هەلێکیان بۆ دابین دەکات بۆ گەیشتن بە سەرچاوە پێویستەکان بۆ کردنی بیرۆکەی بزنسەکانیان بەڕاستی.

**چیرۆکەکانی مەیدان**



*وێنە / کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران*

عەبدول جەبار و خێزانەکەی بەهۆی ناکۆکی لە قەزای هیت لە ئەنبار دووچاری ڕاگواستن هاتن، لە کاتی گەڕانەوەشیاندا، ڕووبەڕووی کاریگەریی وێرانکەری جەنگ بوونەوە لە ماڵ و خاکەکەیاندا. بەهۆی سیستەمێکی ئاودێریی تێکچووەوە، نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن یاخود ئاژەڵەکانیان ئاو بدەن. نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردانی کرد و ئێستگەی ئاودێریی ئەلموحەممەدیی چاککردەوە، کە ئاوی بۆ نزیکەی ٣,٥٠٠ جووتیار دابینکرد، بە عەبدول جەبار و خێزانەکەشییەوە. لەگەڵ کەوتنەوەکاری سیستەمی ئاودێرییەکە، توانیان دووبارە لە زەوییەکەیاندا کشتوکاڵ بکەن و ئاژەڵەکانیان ئاوبدەن، کە ئەوەش هیوای بۆ ژیانێکی باشتر پێبەخشین. دەستێوەردانی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (**UNHCR**) کاریگەرییەکی دیاری لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و بژێویی ئەو کەسانە هەبوو کە لە ناوچەکەدا پشتیان پێبەستبوو.

# ٢,٥ هەڵسەنگاندنەکان و ئەو وانانەی کە فێربووین



*وێنە / ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی*

- بەهێزکردنی کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتدا خاڵێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی یەنجامەکان لە گەشەپێدانی ئابووریدا و پێویستە هاریکاریی تەکنیکیش لەگەڵ ئەولەویەت و پێویستییەکانی حکومەتدا هاوتەریب بێت.
- درووستکردنی سیستەمێک کە پشتی بە بازاڕ بەستووە و پاڵپشتیی گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری دەکات پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەشدارییپێکردنی خاوەنبەشە گرنگەکانە.
- پێویستە ڕێکخراوەکان پێکەوە کاربکەن و هێزی یەکتری زیادبکەن بۆ درووستکردنی دەرئەنجامی کاریگەر و دوورمەودا کە سوودی بۆ هەموو عێراقییەکان هەبێت.
- زیادبوونی ڕێژەی ڕووداوە کەشوهەواییە توندەکان بەردەوامە لە کارکردنە سەر هەسارەکە. لە ئەنجامدا، نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر ڕەچاوی کەمکردنەوەی کاریگەری کەشوهەوا و ڕێگاکانی وەڵامدانەوەی کردووە لە هەوڵی سەقامگیرکردن و هەوڵەکانی تری گەشەپێداندا لە پاڵپشتیکردنیدا بۆ چارەسەری هەمیشەیی و پلانەکانی گەشەپێدانی درێژخایەن.
- توسیع زیادکردنی پاڵپشتی بۆ چاکسازییەکانی کەرتی گشتی کە یارمەتیدەر دەبێت لە خۆگونجاندن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی قەیرانی کاری مرۆیی و شێوازی نوێ دەهێنێتە کایەوە بۆ خزمەتکردن بو کۆمەڵەی ئەو کەسانەی کە لە لاوازترین پێگەدان.
- زیادکردنی بەرنامە پشت بە بەڵگە بەستووەکان بۆ خەمڵاندن و پسکنینی کاریگەری بەرنامەکان و دەرخستنی خاڵی بەهێزی و لاوازییان.
- درێژەپێدانی بەرەوپێشچوون و پەسەندکارییەکانی چاککردنەوە و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان، بڕیارەکان، هتد.
- بەسیستەمکردنی بەشداریکردنی گەنجان و بونیادنانی پلاتفۆرم و سیستەم بۆ بەشدارییپێکردنیان خاڵێکی بنچینەییە بۆ دروستکردنی کاریگەریی درێژخایەن.
- سیستەمە ژینگەییە کشتوکاڵی و سیاسەتی بازرگانیی عێراق ڕەنگدانەوەی چەمکێکی تازە هاتووەکایەی سیستەمێکن کە پشتی به بازاڕ بەستووە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبیت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە ڕێگای پشتبەستوو بە بازاڕیدا، بەهێزکردنی توانای دەزگاکان لەڕێگەی پاڵپشتیی ڕاوێژکاری و تەکنیکی، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگا بۆ بەشدارییپێکردن و خستنەگەڕی خاوەن بەشە گرنگەکان لە پڕۆسەکەدا.



*وێنە / UN-Habitat*


- گۆڕانکاری لە یارمەتی کاری مرۆییەوە بۆ خاڵی گەشەپێدان: پسپۆڕیی زۆر پێویستە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە چەمکی وەکو درووستکردنی کار، گەشەپێدانی بەهرەکان، بەفەڕمیکردن، گەشەپێدانی کۆمپانیا زۆر بچووک و بچووک و مامناوەندەکان و کەرتی تایبەت، لەهەمان کاتیشدا مامەڵەکردن لەگەڵ کورتهێنانەکانی کار.
- مامەڵەکردن لەگەڵ گۆکارە ڕیشەییەکانی لاوازی و ناگشتگیری پێویستی بە ڕێگایەکی فرە-سێکتەری هەیە کە دەستێوەردانەکانی پەروەردە و خۆراکی بەسوود و تەندرووستی و پاراستن تێکەڵ بەیەک دەکات.
- دەستکردن بە دەستێوەردانی سەرکەوتوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە کاریگەری و بەردەوامییان دەرخستووە، تاکو بە خەڵکی زیاتر بگەن و ڕووبەڕێکی فراوانتر بگرنەوە.
- پەیڕەوکردنی سیستەمی شایەن بە تێچووەکەی و دوورمەودا و بەکارهێنەری تیشکی خۆر لەجیاتی سیستەمەکانی ئازووقەی ئاوی بەکارهێنەری دیزڵ یارمەتیداوە لە کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش و ژینگەیەکی خاوێنتری لێکەوتووەتەوە.



*وێنە / نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ*

# ٢,٦ پێداچوونەوەی دارایی و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، ئاژانس و فەند و بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەرەوپێشچوونی دیاریان ئەنجامداوە لە مسۆگەرکردنی فەند بۆ چالاکییەکانی گەشەپێدانیان. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەیەکی سەرنجراکێشی فەندی ٦٥% ی بەدەستهێنا بۆ بودجەی چوارچێوەی هەماهەنگی ساڵی ٢٠٢٢. سەرکەوتووترین هەوڵەکانی بریتی بوون لەوانەی کە جەختیان لە پاراستن و توندوتوڵیی کۆمەڵایەتی (ئەولەویەتی ستراتیژیی ١) دەکردەوە، کە ئێستا ٧٦% ی




| SPs | وەگەڕخراو (دۆلار) | خەرجکراو (دۆلار) | % |
|---|---|---|---|
| SP1 | ١٦٥ ملیۆن | ١٢٣ ملیۆن | ٪٧٤ |
| SP2 | ٤٩ ملیۆن | ١٨ ملیۆن | ٪٣٦ |
| SP3 | ٨٢ ملیۆن | ٤٦ ملیۆن | ٪٥٦ |
| SP4 | ٣٢ ملیۆن | ٢٠ ملیۆن | ٪٦٥ |
| SP5 | ١٨٠ ملیۆن | ٦٩ ملیۆن | ٪٣٨ |
| **تێکڕا** | **٥٠٩ ملیۆن** | **٢٧٥ ملیۆن** | ٪٥٤ |


سەرچاوە کۆکراوەکانی بۆ تێکڕای بودجەکەی مسۆگەر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی چالاکییەکانی چارسەرە دوورمەوداکان (ئەولەویەتی ستراتیژیی ٥) تا ئێستا بڕی ١٨٠ ملیۆن دۆلاریان کۆکردووەتەوە، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانیان پشت هەموو ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی تری چوارچێوەی هەماهەنگی کەوتووە، کە تەنها ٥٧%ی سەرچاوەکان کۆکراونەتەوە.

لەم ساتە گرنگەدا کە عێراق وردە وردە پارمەتیی کاری مرۆیی لە دانیشتووانەکەی دەکێشێتەوە و دەیگوێزێت بۆ چالاکییەکانی گەشەپێدان، ئەم کورتهێنانە لە فەنددا بۆ چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە چارسەرە دوورمەوداکانەوە ڕەنگە کاریگەرییەکی نەرێنیی هەبێت لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو کەسانەی کە لە دووچاری ڕاگواستنی ناوخۆیی هاتوون و بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری و کاربکاتە سەر توندوتوڵیی کۆمەڵایەتی.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگی بەرچاو لە هەوڵەکانی گەیاندندا لە عێراق، لەوانەش کۆسپی سیاسی و سنووردارکردنی بەدەست گەیشتن و ئاڵنگارییەکانی ئاسایش.

تێکڕای بودجەی پلانبۆدانراو بۆ هەموو ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە ساڵی ٢٠٢٢ دا نزیکەی ٧٧٧ ملیۆن دۆلار بوو، کە هەموو ئاژانس و فەند و بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەگرتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ دا، ڕێژەی ٥٤% ی بودجەی بەردەست گەیەنرا، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی گەیاندن بەپێی ئەولەویەتە ستراتیژییەکە جیاوازیی هەبوو، کە ئەولەویەتی ستراتیژیی ١ باشترین ڕێژەی هەبوو کە ٧٤% لە بودجەی بەردەستی گەیەنرابوو، دوای ئەویش ئەولەویەتی ستراتیژیی ٤ بوو بەڕێژەی ٦٥%.




| SPs | المطلوب بالدولار | المعبأ بالدولار | % |
|---|---|---|---|
| SP1 | ٢١٨ ملیۆن | ١٦٥ ملیۆن | ٪٧٦ |
| SP2 | ٧٠ ملیۆن | ٤٩ ملیۆن | ٪٧٠ |
| SP3 | ١١٩ ملیۆن | ٨٢ ملیۆن | ٪٦٩ |
| SP4 | ٥١ ملیۆن | ٣٢ ملیۆن | ٪٦٢ |
| SP5 | ٣١٨ ملیۆن | ١٨٠ ملیۆن | ٪٥٧ |
| **تێکڕا** | **٧٧٧ ملیۆن** | ٥٠٩ ملیۆن | ٪٦٥ |

# بەشی سێیەم

## تەرکیزی سەرەکیی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ئایندە



تیمی بەڕێوەبردنی بەرنامەکان (PMT) و تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCT) ڕێککەوتن لەسەر نوێکردنەوە و پوختەکردنی شیکاریی وڵاتی هاوبەشی عێراق (CCA) بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی داتا و ئەولەویەت و پێشنیاری نوێخواز بێت، کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت تاکو مایسی ٢٠٢٣ تەواو بکرێت.

لەپاڵ ئەوەشدا، تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق وۆرکسۆپێک ئەنجام دەدات بۆ ناساندنی دۆزینەوە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی وڵاتی هاوبەشی تایبەت بە تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێداچوونەوە بۆ بەرەپێشچوون لە دەستکەوتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرە دوورمەوداکان (UNSDCF) و پێداچوونەوەی پلانی کاری هاوبەشمان (JWP) بۆ دڵنیابوونەوە لە هاوتەریبی لەگەڵ بەرنامەی حکومەتی نوێ بۆ ١٨ مانگی داهاتوو. پێشنیارەکانی پێداچوونەوە و پلانی کاری هاوبەش لە کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی ئاراستەکردن دەخرێنەڕوو بۆ پەسەندکردنیان.

حکومەتی عێراق و تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە کاردەکەن بۆ دانانی هاوسەرۆکانی گرووپەکانی کاری لەپێشینە بۆ بەجێگەیاندنی پێنج ئەولەویەتە ستراتیژییەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی.

تیمی بەڕێوەبردنی بەرانامەکان و گرووپەکانی کاری لەپێشینە (PWG) هەروەها لە پرۆسەی بەکۆتاهێنانی داتای هاوبەشدان.



وێنە / کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران

پلانی کاری ١,٠ و خستنەکاری پلانی کاری هاوبەشی ٢,٠ بۆ ( UN INFO)، کە ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و گونجاوترین داتا بۆ بڕیاردان و ڕاپۆرتدان دیاری دەکات. پلانی کاری هاوبەشی ٢,٠ تیشک دەخاتە سەر هاوتەریببوونی زیاتری دیارخەری ئەنجام و دەرهاویشتەکان لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا (SDG) کە لەلایەن ئۆفیسی سەرەکییەوە پێشنیارکراون. لەپاڵ ئەوەدا، دیارخەری بۆ جێندەر و مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و کەمئەندامی، کە شوێنی جوگرافیی چالاکییەکان و زانیاریی سەبارەت بە بەخشەرەکانی تێدایە.

## چارەسەرە دوورمەوداکان

ئەولەویەتی ستراتیژیی چارەسەرە دوورمەوداکان تێکەڵ بە (UNSDCF) کرا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی چارەسەری دوورمەودا دابینکراوە بۆ ئەو کەسانەی لە پێویستیدان و کردەییە. (UNSDCF) هێزی ئەرکی چارەسەرە دوورمەوداکانی وەکو یەکەیەکی هاریکاری یەکخست و هەروەها هەوڵەکانی هاریکاری و جێبەجێکردن لەگەڵ پلانی نیشتیمانی – کە لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەراندا پەرەی پێدراوە - و چوارچێوەی تراتیژیی کردەیی هاوتەریب دەکات.



وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی

لە هەماهەنگیی نزیکدا لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ کۆمەڵگە کارلێکردووەکان دابین دەکەن لەڕێگەی گرووپەکانی کاری تەکنیکیی چارەسەرە دوورمەوداکان


*وێنە / ڕێکخراوی کاری جیهانی*

(DSTWG) و هەماهەنگی لەسەر بنەمای ناوچەکان (ABC) لە پارێزگا و قەزا جیاوازەکاندا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی مافی دانیشتووانی ڕاگوازتراو بەتەواوی پارێزراوە و تێکەڵ بە نەخشەڕێگای پاراستنی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی و چارەسەرە دوورمەوداکان کراوە.

## گرووپی کاری ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا

گرووپی کاری ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا بەردەوامە لەسەر پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق لە گرتنەخۆی ئامانجەکان و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەجێندای ٢٠٣٠. تیشک دەخاتەسەر ئاسانکاری کردن بۆ تێگەیشتن لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا و جێبەجێکردن و چاودێریکردن و ئاڵنگارییەکانی ئێستا و دەرفەتەکان و ناوچە ئەولەویەکانی عێراق، داکۆکیش دەکات بۆ ناساندنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا لە هەموو سێکتەرەکاندا و هەروەها پاڵپشتیکردنی تەواوکردنی پێداچوونەوەی خۆویستانەی نیشتیمانی. پلاتفۆڕمی دیجیتاڵیی "کۆڕی عێراق بۆ ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا" سەبارەت بە بەناوخۆییکردن و بۆ چاودێریکردنی بەرەوپێشچوون لە ئامانجەکاندا لە عێراق هەروەها پاڵپشتی دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتای پشتبوستوو بە بەڵگە و چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان سەبارەت بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی دوورمەودا و خستنەڕووی میکانیزمێکی هەماهەنگی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی پرۆژە و چالاکییەکانەوە.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| Area Based Coordination | ABC |
| Agency Focal Point | AFP |
| Business Operations Strategy | BOS |
| Common Country Analysis | CCA |
| Common Premises | CP |
| Country Program Document | CPD |
| Community Service Organization | CSO |
| Durable Solutions | DS |
| Durable Solutions Task Force | DSTF |
| Durable Solution Task Working Groups | DSTWG |
| Diphtheria, Pertussis, and Tetanus | DTP |
| Economic and Social Commission. for Western Asia | ESCWA |
| Food and Agriculture Organization | FAO |
| Gender-Based Violence | GBV |
| Global Compact for Migration | GCM |
| Gross Domestic Product | GDP |
| Government of Iraq | GoI |
| Humanitarian Response Plan | HRP |
| Internally Displaced Person | IDP |
| International Financial Institutions | IFIs |
| Independent High Electoral Commission | IHEC |
| International Labour Organization | ILO |
| International Migration Review Forum | IMRF |
| International Organization for Migration | IOM |
| International Trade Centre | ITC |
| Joint Steering Committee | JSC |
| Joint Work Plan | JWP |
| Kurdistan Regional Government | KRG |
| Kurdistan Region of Iraq | KRI |
| Ministry of Agriculture | MoA |
| Ministry of Municipalities & Public Works | MoCH |
| Ministry of Culture | MoCUL |
| Ministry of Education | MoE |
| Ministry of Finance | MoF |
| Ministry of Foreign Affairs | MoFA |
| Ministry of Health | MoH |
| Ministry of Interior | MoI |
| Ministry of Justice | MoJ |
| Ministry of Labour and Social Affairs | MoLSA |
| Ministry of Migration and Displacement | MoMD |
| Ministry of Planning | MoP |
| Ministry of Trade | MoT |
| Ministry of Water Resources | MoWR |
| Ministry of Youth & Sports | MoYS |
| Micro, Small and Medium Enterprises | MSME |
| National Determined Contribution | NDC |
| National Committee on Sustainable Development | NCSD |

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| Non-Governmental Organization | NGO |
| National Committee on Sustainable Development | NCSD |
| Office for the Coordination of Humanitarian Affairs | OCHA |
| Official Development Assistance | ODA |
| Operations Management Team | OMT |
| Occupational Safety and Health | OSH |
| Primary Health Care Centres | PHCC |
| Programme Management Team | PMT |
| Protection from Sexual Exploitation and Abuse | PSEA |
| Priority Work Group | PWG |
| Resident Coordinator Office | RCO |
| Sustainable Development Goals | SDGs |
| Sexual Exploitation and Abuse | SEA |
| Small and Medium Enterprises | SMEs |
| Standard Operating Procedure | SOP |
| Strategic Priority | SP |
| Sexual and Reproductive Health and Rights | SRHR |
| Training of Trainers | ToT |
| United Nations | UN |
| United Nations Entity for Gender Equality and Empowerment | UN Women |
| United Nations Assistance Mission for Iraq | UNAMI |
| United Nations Country Team | UNCT |
| United Nations Conference on Trade and Development | UNCTAD |
| United Nations Development Programme | UNDP |
| United Nations Environment Programme | UNEP |
| United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization | UNESCO |
| United Nations Population Fund | UNFPA |
| United Nations Human Settlements Programme | UN-HABITAT |
| United Nations High Commissioner for Refugees | UNHCR |
| United Nation International Children's Emergency Fund | UNICEF |
| United Nations Industrial Development Organization | UNIDO |
| United Nations Mine Action Service | UNMAS |
| United Nations Office on Drugs and Crime | UNODC |
| United Nations Office for Project Services | UNOPS |
| United Nations Sustainable Development Cooperation Framework | UNSDCF |
| United Nations Sustainable Development Group | UNSDG |
| Water, Sanitation and Hygiene | WASH |
| World Bank | WB |
| World Food Programme | WFP |
| World Health Organization | WHO |
| World Trade Organization | WTO |
| Young People Advisory Group | YPAG |
| Yazidi Survivors Law | YSL |

## پاشکۆی ١: هاوبەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

### هاوبەشەکانی حکومەت

| # | وەزارەت/لق | ئەو ئاژانسانەی کاری لەگەڵ دەکەن | لۆگۆ | # | وەزارەت/لق | ئەو ئاژانسانەی کاری لەگەڵ دەکەن | لۆگۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نووسینگەی ناوەندی دەزگاکانی ئامار و توێژینە | ESCWA; UNFPA; ILO; UN-Habitat | | ١١ | وەزارەتی دەرەوە | ILO; OHCHR | |
| ٢ | ئۆفیسی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) | UNFPA; FAO | | ١٢ | وەزارەتی تەندروستی | FAO; UNICEF; UNFPA; UNHCR; WFP; WHO; UNDP | |
| ٣ | وەزارەتی کشتوکاڵ | FAO; WFP; ESCWA; ITC | | ١٣ | وەزارەتی ناوخۆ | UNICEF; UNHCR; WFP; UNMAS; UNDP | |
| ٤ | وەزارەتی پەیوەندییەکان | ESCWA | | ١٤ | وەزارەتی داد | UNICEF; OHCHR; UNODC; UN-Habitat | |
| ٥ | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و خانووبەرە و شارەوانییە گشتییەکان | UNICEF; UNDP; WHO; UNHCR; WFP; UN-Habitat; ITC | | ١٥ | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | ILO; UNICEF; UNFPA; WFP; UN WOMEN; ESCWA; ITC | |
| ٦ | وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزار | UNICEF; UNHCR; WHO; UNESCO | | ١٦ | وەزارەتی پلاندانان | FAO; UNICEF; WHO; WFP; OHCHR; UN-Habitat; ESCWA; ITC; UNFPA | |
| ٧ | وەزارەتی پەروەردە | UNICEF; UNESCO; WFP; ESCWA | | ١٧ | وەزارەتی بازرگانی | WFP; ESCWA; ITC | |
| ٨ | وەزارەتی کارەبا | ESCWA | | ١٨ | وەزارەتی گواستنەوە | ESCWA | |
| ٩ | وەزارەتی ژینگە | ESCWA; UNEP; UNMAS | | ١٩ | وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان | FAO; UNICEF; ESCWA | |
| ١٠ | وەزارەتی دارایی | UNICEF; UNESCO; ESCWA | | ٢٠ | وەزارەتی وەرزش و لاوان | UNICEF; ILO; UNFPA; UNESCO; WHO; UNV; ITC | |

## هاوبەشە جێبەجێکارەکان

| # | هاوبەشە جێبەجێکارەکان | ئەو ئاژانسانەی کاری لەگەڵ دەکەن | # | هاوبەشە جێبەجێکارەکان | ئەو ئاژانسانەی کاری لەگەڵ دەکەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کار لە دژی برسێتی | WFP | ٢٧ | مێرسی هاندس بۆ فریاگوزاریی مرۆیی | UNDP |
| ٢ | ئاژانسی هاریکاری و گەشەپێدانی تەکنیکی | UNDP; UNHCR; WFP | ٢٨ | ئەنجوومەنی نەرویجی بۆ پەنابەران | UNHCR; ITC |
| ٣ | ڕێکخراوی دەروازەی فریاگوزاری | UN-Habitat | ٢٩ | | |
| ٤ | ڕێکخراوی المصلحة بۆ گەشەپێدان | UNFPA | ٣٠ | | |
| ٥ | Bab Al Karama | UNDP | ٣١ | OROKOM | WFP; UN-Habitat |
| ٦ | Caritas Czech Republic | UNICEF; UNESCO; UNDP; WFP | ٣٢ | OXFAM | UNDP; WFP |
| ٧ | DanChurchAid | UNMAS | ٣٣ | دەسپێشخەریی ئۆکسفۆرد بۆ گەشەپێدانی هەژاری و مرۆیی(OPHI) | UNICEF |
| ٨ | ئەنجوومەنی دانیمارکیی بۆ پەنابەران | UNDP | ٣٤ | Peace Winds Japan (PWJ) | UN-Habitat |
| ٩ | ڕێکخراوی مرۆیی داری | UNFPA | ٣٥ | ڕێکخراوی فریاگوزاریی گشتی-PAO | UNESCO |
| ١٠ | مەرایەتی گشتیی لاوان | UNFPA | ٣٦ | RIRP | WFP; UN-Habitat |
| ١١ | EADE | UN-Habitat | ٣٧ | Samaritans Purse | WFP |
| ١٢ | ڕۆژنامەگەریی ئازادی بێسنوور | UNESCO | ٣٨ | منداڵ پارێز | UNESCO |
| ١٣ | لیژنەی ئاسایشی خۆراک | FAO | ٣٩ | Sorouh | UNESCO |
| ١٤ | بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی | UNFPA | ٤٠ | زانکۆی سلێمانی | WFP |
| ١٥ | جلوبل کلیرانس سولوشنز | UNMAS | ٤١ | SWEDO | UNICEF; UNESCO; UNHCR; WFP |
| ١٦ | GCS | WFP | ٤٢ | تجدید- گەشەپێدانی عێراق | UNFPA |
| ١٧ | ڕێکخراوی ناحکومیی هاریکار | UNFPA | ٤٣ | لیژنەی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی | UNHCR |
| ١٨ | Halo Trust | UNMAS | ٤٤ | یەکێتییە بازرگانییەکان و ڕێکخراوە هەرێمییەکان | ILO |
| ١٩ | Handicap International | UNMAS | ٤٥ | کۆمەڵگەی پزیشکی یەکگرتووی عێراقی | UNFPA |
| ٢٠ | Human Appeal | UNICEF; UNESCO; WFP | ٤٦ | WADI | UNESCO |
| ٢١ | دەزگای مرۆیی بۆ کۆمەککردن | UNDP; WFP | ٤٧ | Welthungerhilfe | WFP |
| ٢٢ | ڕێکخراوی بەردەستیی تەندروستیی عێراقی | UNFPA | ٤٨ | World Vision International | برنامج الأمم المتحدة الإنمائي/ اليونيسكو/ برنامج الأغذية العالمي |
| ٢٣ | ڕێکخراوی چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی عێراق | UNMAS | ٤٩ | ZOA International | UNESCO |
| ٢٤ | کۆمەکی ئیسلامیی جیهانی | UNFPA | ٥٠ | ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان | UNFPA |
| ٢٦ | دەزگای سویدی بۆ کاروباری مین-FSD | UNMAS | | | |

| # | بەخشەر | بەشداری لە | ئاڵا | # | بەخشەر | بەشداری لە | ئاڵا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئوستراليا | IOM; UNICEF; UNDP; UNFPA; UN-Habitat; UNMAS | | ١٤ | کوەیت | UN-HABITAT | |
| ٢ | نەمسا | UNDP; UNHCR | | ١٥ | هۆڵندا | ILO; IOM; UNICEF; UNDP; UNESCO; UNODC | |
| ٣ | بەلجیکا | FAO; UNDP; UNMAS | | ١٦ | نیوزلەندا | IOM; UNICEF; UNMAS; UNDP | |
| ٤ | کەنەدا | IOM; UNICEF; UNFPA; UNDP; UNESCO; UNMAS | | ١٧ | نەرویج | ILO; UNICEF; UNDP; UNFPA | |
| ٥ | چیک | UNICEF; UNESCO; UNMAS | | ١٨ | فلیپین | UNDP | |
| ٦ | دانیمارک | IOM; UNDP | | ١٩ | قەتەر | IOM; UNDP; UNESCO | |
| ٧ | یەکێتیی ئەوروپا | FAO; ILO; IOM; ITC; UN WOMEN; UNICEF; UNDP; UNESCO; UNEP; UN-HABITAT; UNMAS; UNODC; UNFPA; WFP | | ٢٠ | سلۆڤاکیا | WFP | |
| ٨ | ئیستۆنیا | UNMAS | | ٢١ | کۆریای باشوور | IOM; UNICEF; UNDP; UN-HABITAT; UNFPA | |
| ٩ | فینلەندا | UN WOMEN; UNDP; UNMAS; UNFPA | | ٢٢ | سوید | UNDP; UNESCO; UNMAS; UNFPA | |
| ١٠ | فەرەنسا | UNDP; UNMAS; UNFPA; WFP | | ٢٣ | ئیمارات | UNOPS; UNDP; UNESCO | |
| ١١ | ئەڵمانیا | ILO; IOM; UNICEF; UN WOMEN; UNDP; UNESCO; UN-HABITAT; UNMAS; WFP | | ٢٤ | شانشینی یەکگرتوو | IOM; UNICEF; UNDP; UNMAS; UNFPA | |
| ١٢ | ئیتاڵیا | UNICEF; UNMAS; UNFPA | | ٢٥ | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | IOM; UN WOMEN; UNICEF; UNDP; UN-HABITAT; UNOPS; ;UNODC | |
| ١٣ | ژاپۆن | ILO; IOM; UNICEF; UN WOMEN; UNDP; UNESCO; UN-HABITAT; UNMAS; UNOPS; UNODC; UNFPA | | | | | |

United Nations-Iraq
نەتەوە یەکگرتووەکان-عێراق

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجامەکانی وڵات بۆ ساڵی ٢٠٢٢

## عێراق

DECADE OF ACTION

Iraq.un.org

@UNIraq